Concessioner: Ali Abdulla
Khabat
Editor-in-chief: Nazhad Aziz Surme
خاوەنی ئیمتیاز: عەلی عەبدوڵڵا
خەبات
سەرنووسەر: نەژاد عەزیز سورمێ
Kurdish Political Daily Newspaper - Organ of Kurdistan Democratic Party
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان

# پرۆژەی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان

# بۆ بەردەم کۆنگرەی 13

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە هەڵگری جیهانبینییەك بووە کە هەمیشە خۆی لە واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نوێکردۆتەوە و لەگەڵ پەرەسەندنەکاندا هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوە.

ڕێبازی ڕابەر و دامەزرێنەری پارتی (مستەفا بارزانی نەمر) داینەمۆی ئەم گۆڕانکارییە هەمیشەییە بووە و هوشیاری و گیانیی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەی گەلی کوردستان و ئامادەیی خەباتگێڕانەی هەڤاڵان و پێشمەرگە دلێرەکانیش هاندەر و پاڵپشتی نوێبوونەوە بوون لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی ڕزگاریخوازیدا و بەشداری ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی گەلەکەشمان لە گفتوگۆ و بەرچاو ڕۆشنکردنەوەی پارتیدا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە پرۆسەی نوێبوونەوەی پارتیدا، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بە بڕوایی و متمانەیەکی پتەوەوە بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆ و هەموو میکانیزمەکانی بیرکردنەوە و خۆڕێکخستن و دروشمەکانی گۆڕیوە و بۆ هەر قۆناغێك بە جۆرێکی تازەوە هاتۆتەوە مەیدانی تێکۆشین.

ئێستاش لەناو گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستانی و عێراقی و نێودەوڵەتیدا، پارتی کۆنگرەی **13**مینی خۆی دەبەستێ و بە ئیرادەیەکی ڕاستەقینەوە خۆی بۆ قۆناغی داهاتوو نوێ دەکاتەوە و بڕوای وایە کە هەمیشە نوێگەریی گۆڕین دێنێتە بەرهەم و و نوێگەریش لەهەر حزبێکدا واتە گۆڕینی (فیکر و ڕێکخستن و ستراتیژ) و پێویستە لە هەموو پێکهاتە بەرنامەیی و هەیکەلییەکانی پارتیدا ڕەنگ بداتەوە.

ئەو پرۆگرامەی کۆنگرەی **12** پەسەندی کرد و لەماوەی ساڵانی پێشوودا ڕێنوێنیکاری هەڤاڵان و تێکۆشەرانی پارتی بوو، تێڕوانینی ئایندەیی تێدا نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی لەناوچەکەدا ڕوویاندا بوو، بەڵکو تەنیا واقیعی نالەباری ئەوسای کوردستان و چۆنێتی چارەسەرکردنی گرفتەکانی نیشاندا بوو، ئەو گرفتانەش لە حاڵی حازردا چارەسەر کراون، بۆیە لەم پرۆژەیەدا ئەوانە تێپەڕێنراون بەرە و ئایندەبینی و تەنانەت پرۆگرامێك خراوەتە بەردەم کۆنگرە کە بەشی هەرە زۆری دەتوانرێ وەکوو بەرنامەی هەڵبژاردن لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا بەکاربهێنرێن و موتوربە بکرێن بە مەسەلەگەلێکی گەرماوگەرم لەکاتی خۆیدا. بەواتایەکی دیکە پرۆژەی بەرنامەیەك لەبەردەمدایە بۆ تاتۆکردن و دەوڵەمەندکردن کە جگە لەوەی بەرچاوڕۆشنی دەدات بە

هەڤاڵان لە خەباتدا هەروەها بەرنامەی ئەندامانی پارتیمانە لە ناو پەرلەمان و لە پۆستە رەسمییەکانی کوردستان و عێراقدا.

مێژووی خەباتی پارتیمان و ئەو ئامادەبوونە بەهێزەی لەناو گۆڕەپانی سیاسی عێراق و ناوچەکەدا هەیەتی وا دەخوازێ بەرنامەیەك تەرح بکات کە رێی بۆ بکاتەوە لە بازنەی هەرێمایەتییەوە بچێتە بازنەی نێودەوڵەتییەوە. ئەم پرۆژەیە ئەو ئامانجە دەپێکێت و پێویستە لەو روانگەیەوە بە گفتوگۆی هەمەلایەنە کە جگە لە پارتییەکان، رۆشنبیران و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکەمان بەشداری تێدا بکەن، دەوڵەمەندتر بکرێ. بۆ ئەو مەبەستەشە کە ئەم پرۆژەیە بڵاودەکرێتەوە و دەرگای خۆی لەبەردەم تێبینییەکانی هەمواندا واڵا دەکات.

زۆرن ئەو مەسەلە و بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی پێویستە پارتیمان فەلسەفەیەکی روونی لەبارەیانەوە هەبێ و چیتر ناچار نەبێ بە دەوریاندا خوول بخوات، بەڵکو گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد لەناوچەکەدا و مەسەلەکانی هەرێمی کوردستان و فیدرالییەت و دامەزراندنی عێراقی نوێ و سستمی دیموکراسی و پاراستن و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و فەراهەمکردنی ئازادییەکان بە رادەیەکن کە ئیتر دەبێت بەو رادەیەش فەلسەفە و جیهانبینی پارتی روون و زوڵاڵ بێت و قابیل بەوە نەبێ تەفسیری جیاجیای بۆ بکرێ. بۆیە ئەم بەرنامەیە هەڵگری ئەم تێڕوانینەیە و زاراوە و چەمکی نوێی تێدایە کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە دەگونجێن و بۆ ئەم قۆناغەی تێکۆشان پێویستن.

لەم چوارچێوەیەدا پۆلینێك بۆ پرۆگرامەکە کراوە کە لەگەڵ پێویستییە جۆراوجۆر و فرە رەهەندەکانی ئێستادا دەگونجێ و هاتنە ئارای کۆمەڵگای مەدەنی و کاریگەرییەکانیان لە پەرەسەندنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەهەند وەرگیراوە و بایەخێکی تایبەت بە ئافرەتان لاوان و قوتابیان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان دراوە.

پرۆژەی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەردەم کۆنگرەی **13** بە دیقەتەوە هەڵوەستەی لەبەردەم کێشەگەلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا کردووە کە پێویستە یاسایان بۆ دەربکرێ یان لانی کەم ئەو یاسایانەی ئێستا کاریان پێدەکرێ هەموار بکرێن بۆئەوەی بگەنە ئاستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە. لەم ئاقارەدا بەتایبەتی ئاماژە بۆ کێشەکانی خانەوادەی شەهیدان و بەجێماوانی ئەنفال و قوربانییانی کیمیابارانکردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کراوە. لەم رووەوە کۆنگرە ئەرکی هەرچی زیاتر دەوڵەمەندکردنی دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەم پرۆژەی پرۆگرامە دەروازەیەکە بۆ ئەوەی هەڤاڵان و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان لێوەی بچنە ناو جیهانبینی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و فراوانتر و روونتر و زوولاڵتری بکەن. بەشداربن لە دەوڵەمەند کردنیدا. بە رەخنە و تێبینییەکانیان هەرچی زیاترە گیانێکی نوێ و گونجاوی پێببەخشن تا ببێتە رێنیشاندەرێکی راستەقینەی خەبات لەم قۆناغەی پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستاندا.

لاپەڕەکانی رۆژنامەی خەبات و التاخی و بڵاوکراوەکانی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەردەم بەشدارییەکانی هەمواندا واڵان. هەروەها هەر بەڕێزێك کە دەیەوێ تێبینی و رەخنەکانی راستەوخۆ بنێرێت بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوا دەتوانێ لە رێی ئەو ئیمێلانەی خوارەوە پەیوەندی بکات. هەموو لایەکیش لەوە دڵنیا دەکەینەوە کە بەشدارییەکانیان بە رێزەوە وەردەگیرێن و لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەکاردەهێنرێن.

pdk.kongeray13@yahoo.com

pdk.kongeray13@hotmail.com

pdk.kongeray13@gmail.com

**پرۆژەی ئامادەکراوی پرۆگرام بۆ کۆنگرەی 13-ی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**پێرست:**

دەروازەی یەکەم: ناساندنی پارتی

*****

دەروازەی دووەم: ئامانجەکانی پارتی

بەشی یەکەم: ئامانجە نەتەوەییەکانی پارتی

**بەشی دووەم: ئامانجە نیشتمانییەکانی پارتی**

**بەشی سێیەم: ئامانجە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی پارتی**

*****

**دەروازەی سێیەم: پرنسیپ و ستراتیژەکانی پارتی**

**بەشی یەکەم: لەبواری پەرەپێدانی سستمی سیاسی و بنەماکانی حوکمڕانیدا**

**بەشی دووەم: لەبواری پەرەپێدانی سستمی دادوەریدا**

**بەشی سێیەم: لەبواری پەرەپێدانی سستمی کارگێریدا**

**بەشی چوارەم: لەبواری پەرەپێدانی سیاسەتی ئابووری و داراییدا**

**بەشی پێنجەم: لەبواری پەرەپێدانی سستمی پەروەردەو خوێندنی باڵادا**

**بەشی شەشەم: لەبواری پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستیدا**

**بەشی حەوتەم: لەبواری پەرەپێدانی سستمی تەندروستیدا**

**بەشی هەشتەم: لەبواری پەرەپێدانی سستمی کۆمەڵایەتیدا**

**بەشی نۆیەم: لەبواری پەرەپێدانی سستمی بەرگریدا**

**بەشی دەیەم: لەبواری پەرەپێدانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا**

**بەشی یازدە: لەبواری پەرەپێدانی سستمی کۆمیونیکێشن (پەیوەندی گرتن)**

**بەشی دوانزە: لەبواری پەرەپێدانی سستمی هاتوچۆو گەیاندندا**

**بەشی سیانزە: لەبواری پەرەپێدانی سستمی ژینگەدا**

**بەشی چواردە: لەبواری بایەخدان بە سەرچاوەکانی سامانە سروشتیەکاندا**

**بەشی پازدە: لەبواری پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانیدا**

**بەشی شازدە: لەبواری پەرەپێدانی بیناسازی و نیشتەجێبووندا**

**بەشی حەڤدە: لەبواری پەرەپێدانی شارەوانییەکان و خزمەتگوزراییە گشتیەکاندا**

**بەشی هەژدە: لەبواری پەرەپێدانی گەشتوگوزاردا**

**بەشی نۆزدە: لەبواری پەرەپێدانی راگەیاندن و وەشاندندا**

**بەشی بیستەم: لەبواری پەرەپێدانی کولتوور و کەلەپووردا**

**بەشی بیست ویەك: لەبواری پەرەپێدانی کاروباری ئاینیدا**

**بەشی بیست ودوو: لەبورای کاروباری ئافرەتان و لاوان و قوتابیاندا**

**بەشی بیست وسێ: لەبواری کاروباری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا**

*****

دەروازەی چوارەم: قوربانییانی تاوانەکانی جینۆسایدو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی (هەڵمەتەکانی ئەنفال و راگواستن و بۆردومانی کیمیاوی و کاولکردنی گوندەکان)

Concessioner: Ali Abdulla
Khabat
Editor-in-chief: Nazhad Aziz Surme
Kurdish Political Daily Newspaper - Organ of Kurdistan Democratic Party

بەشی یەکەم: مافەکانی قوربانیان و خانەوادەکانیان

بەشی دووەم: یاساکان

بەشی سێیەم: مەسەلەگەلێکی دیکە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی

## دەروازەی یەکەم: ناساندنی پارتی

مادەی (1): ناوی پارتی

پارتی دیموکراتی کوردستان

مادەی (2): پێناسەی پارتی:

حزبێکی دیموکراتی نیشتمانیە، پڕوای بە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادییەکانی تاك و مافی نەتەوەیی کوردو نەتەوەکانی دیکەیە لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا و لەپێناوی ئەو پڕوایانەدا بەپێی پرۆگرامگەلێکی زانستی و ئەو پرنسیپانە تێدەکۆشێ کە لە ئەزموونەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردو کەلەپووری زۆرو زەوەندی نیشتمانی و خەباتگێرانەی بارزانی نەمرەوە وەریگرتوون و سوودیش لەو ئەزموونانەی گەلان کە لەگەڵ واقیعی کوردستاندا دەگونجێن.

## دەروازەی دووەم: ئامانجەکانی پارتی

**بەشی یەکەم: ئامانجە نەتەوەییەکانی پارتی**

مادەی (3): پارتی بەشێوازە دیموکراسییەکان، لەپێناوی جێبەجێ کردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە کوردستانی پارچە پارچەکراودا تێدەکۆشێ.

مادەی (4): پتەوکردنی پەیوەندی برایانە و پشتگیری و هاریکاری کردن لەگەڵ سەرجەم حزب و ڕێکخراوەو ڕەوەندی کوردیدا تا بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەدیبهێنرێن و، کولتووری دیالۆگ و لێبوردەیی بڵاو بێتەوەو لەناو ماڵی کورددا پەنابردن بۆ توندوتیژیی حەرام بکرێ.

مادەی (5): کۆشش کردن بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی سیاسییانەی دۆزی کورد لەچوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سیفەتی چاودێر لەو ڕێکخراوانەدا وەربگرێ بۆ ئەوەی داکۆکی لەمافە نەتەوەیی و نیشتمانیە ڕەواکانی بکات.

مادەی (6): گەڕانەوەی هەموو ناوچە داپڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو میکانیزمانەی لەمادەی 140ی دەستووری عێراقی فیدراڵدا هەن. بەوەش سنووری هەرێم بچەسپێنرێ.

مادەی (7): داکۆکی کردن لەمافی هەموو ئەو کوردانەی لەناوچەکانی دیکەی عێراقدا نیشتەجێن و کاربکرێ بۆ هەرچی زیاتر پتەوکردن و بەردەوامێتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەگەڵیاندا.

**بەشی دووەم: ئامانجە نیشتمانیەکانی پارتی**

مادەی (8): کۆشش کردن بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی یاساو هاودەرفەتی تێدا فەراهەم بێ و، هەمووان تێیدا لەسایەی دەسەڵاتێکی نیشتمانیی دەستپاك و زوڵڵدا بژین و، فرەحزبی مسۆگەر بێ و دەستاودەست کردنی دەسەڵات ئاشتیانە جێبەجێ بکرێ.

**مادەی (9):چەسپاندنی سیستەمی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵی لە عێراقدا بەشێوەیەك هاوڵاتیبونی تەواو بۆ عێراقیەکان گرەنتی بکات و شوێنگەی نێودەوڵەتی عێراق بپارێزێت و سەروەری و سەربەخۆیی زامن بکات.**

مادەی (10): پاراستن و پەرەپێدانی هەموو ئەو دەستکەوت و ئیستیحقاقە نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و کولتوورییانەی بە خەباتێکی مێژوویی هاتوونەتە دی و لەبنەڕەتدا بەرهەمی خوێنی شەهیدانمان و قوربانیدانی گەلەکەمان و وەڵامدەرەوەی ئیرادەیەکی ئازادانەی دلێر بوون.

مادەی (11): چەسپاندن و پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان و عێراقداو، کارکردن بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو مەسەلە ناوخۆییانە بدۆزرێنەوە کە لەنێوانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا هەڵپەسێنراون.

مادەی (12): پەرەپێدانی سستەمی پەرلەمانیی فیدراڵی و مسۆگەرکردنی بەشداربوونی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە دامەزراوە دەستوورییەکاندا.

مادەی (13): مسۆگەرکردنی بەشداری گەلی کوردستان لە دروستکردن و وەرگرتنی بڕیاری سیاسی عێراقدا لەرێی بەشداری کردنی لە دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵدا.

**مادەی(14): ڕێزگرتن لەدەستوری فیدراڵی لەچوارچێوەی پەیرەوکردنی بەندەکانی و بەئەندازەی پێویستی خۆی بەپیرۆز بزانرێت کە دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی ئیرادەی گەلی عێراقە و تەنها گرەنتی مانەوەی یەکێتی گەل و خاکی عێراقە.**

مادەی (15): مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەیی و کولتووری و ئیدارییەکانی تورکمان و عەرەب و کلدان سریان ئاشووریی و ئەرمەن  بە حوکمی زاتیشەوە لەهەر دەڤەرێك کە یەکێك لەو پێکهاتانەی تێدا زۆرینەیە.

مادەی (16): دابینکردنی مافی هەر پێکهاتەیەکی ئایینی و مەزهەبی کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجوومەن دروست بکات بۆ پەرەپێدان و رێکخستنی کاروبارە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی و گەشەیان پێبدات.

مادەی (17): باشترین پەیوەندی لەگەڵ ئەو حزبانەدا دروست بکرێ کە لە کوردستان و عێراقدا کاردەکەن و بروایان بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و فیدراڵی و برایەتی نیشتمانیی هەیەو دان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کورددا دەنێن.

مادەی (18): چەسپاندنی پرنسیپی پێکەوە ژیان و گیانی لیبووردەیی لەنێوانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی گەلدا.

**مادەی(19): کارکردن لەسەر ڕێزگرتنی عێراق بۆ پەیوەستبونە نێو دەوڵەتیەکانی و پیادەکردنی تێکڕای بەڵگەنامە و پەیماننامە نێودەوڵتیەکان بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندارن بەمافەکانی مرۆڤ و کەمایەتیەکان و مافی چارەنوس.**

## بەشی سێیەم: ئامانجە هەرێماتی و نێودەوڵەتییەکان

مادەی (20): پتەوکردنی پەیوندی دۆستانە لەنێوانی هەرێم و وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای پرنسیپی بەرژەوەندی هاوبەش و رێز لەیەکترگرتن و دراوسێیەتی باش و دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی یەکتر و چارەسەرکردنی ئاریشەو گرفتەکان بەشێوازی ئاشتیانەو بەپێی بنەماکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی.

مادەی (21): پابەندبوون بە ئارمانج و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێزگرتن لە گشت ئەو پەیماننامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەی ناکۆك نین لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەی کوردماندا.

مادەی (22): پشتگیری کردنی هەوڵەکانی وڵاتانی دۆست و هەموو ئەو رێکخراوە حکومی و ناحکومییانەی بەشدارن لە رابوونی سیاسی و ئابووری و کولتووری هەرێمی کوردستانداو، چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە شێوازی ئاشتیانەو بەرێگەیەکی رەوا.

مادەی (23): بەرپاکردنی هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی بۆ هاندانی وڵاتان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەتی) بۆ ئەوەی داکۆکی لەو گەلانە بکەن کە تاوانی نێودەوڵەتییان بەرامبەر کراوەو پشتگیری کۆششەکانیان بکەن لەپێناوی سەربەخۆبوونی سیاسیی و گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییان.

مادەی (24): بەهێزکردنی پەیوەندی دۆستانەو هاریکاریی لەگەڵ ئەو گەل و حزب و کەسایەتی و رێکخراوە ناحکومییانەی پشتگیری گەلی کوردستانیان کردووە.

مادەی (25): کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەوڵاتانی جیهاندا بەپێی

ئەوەی لەدەستووری ئێستای عێراقدا هاتووە. هەروەها زەمینەی هاندەرانە سازبکرێ بۆ ئەو وڵاتانە کە کونسڵخانەی خۆیان لە هەرێمی کوردستاندا بکەنەوە لەپێناوی پتەوکردنی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێوانمان.

مادەی (26): وەرگرتنی سیفەتی چاودێر بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە نەتەوەیەکگرتووەکان و ئاژانسە تایبەتمەندەکانیدا کە مافی گەلی کورد لەژیانێکی ئارام و دووچار نەبوونەوەی بە چەوسانەوەو جینۆساید مسۆگەر دەکات.

مادەی (27): بەهێز کردن و پەرەپێدانی پەیوەندی هەرێم بە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بەتایبەتیش لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و دۆزینەوەی میکانیزم و شێوازی گونجاو بۆ بەشدارکردنی نوێنەرانی هەرێم لە کۆنگرەو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمسیۆن و ئاژانسە پسپۆرییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

**مادەی (28): کردنەوەی نوێنەرایەتی حزب لەزۆربەی ولأتانی دونیا ئەمەش بەمەبەستی:**

1- **دروستکردنی باشترین پەیوەندی لەگەڵ ئەو پارتانەی کەلەو ولأتەدا کاردەکەن، بەتایبەتی ئەو پارتانەی کە بڕوایان بە دیموکراسی و مافی مرۆڤە و دان بەمافی گەلی کورددا دەنێن لەدیاریکردنی مافی چارەنوسی، وە هاندەر و پاڵپشتی چارەسەرکردنی کێشەی کوردن.**

2- **ئاسانکردنی هەندێ کاروباری کارگێری بۆ هاولأتیانی هەرێم لەو ولأتانەدا و پێشکەشکردنی هاوکاری پێویست بۆیان.**

3- **بۆئەوەی ئەو نوێنەرایەتیانە ببنە پردی پەیوەندی نێوان هاولأتیانی هەرێم لە تاراوگە و هەرێمدا.**

دەروازەی سێیەم: پرنسیپ و ستراتیژەکانی پارتی

## بەشی یەکەم: لەبواری پەرەپێدانی سستمی سیاسی و بنەماکانی حوکمڕانیدا

لەبەر ئەوەی پارتیمان پروای بەوەیە کە دەبێت سستمی سیاسی گوزارشت لەئیرادەی گەل بکات و کار بکات بۆ چەسپاندنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییان و هانیان بدات بۆ پەیرەوی کردنی رۆڵی ئیجابیان لە کارگەلێکی سیاسیدا کە پشت ئەستوورن بە پرنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاساو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و رۆڵی سەرەکی پارتیمان لە دروستکردن و کارایی کردنی دامەزراوە دەستوورییەکان و پاراستنیاندا، بۆیە پارتیمان کاردەکات لەپێناوی:

مادەی (29): پشتگیری کردنی دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانی وەکوو سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت و دادگای تەمیز و ئەنجوومەنی دادوەری کە بە دەستکەوتێکی مێژوویی گرنگ دادەنرێت و پێویستە لەسەر بنەمای پرنسیپی سەروەریی یاسا رۆڵی تەواوی خۆی ببینێت و ژیانی دەستووری و یاسایی بۆ زامن بکرێ.

**مادەی (30): رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان و کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو ماف و ئازادیانەی کەلە بەڵگەنامە و پەیماننامە نێودەوڵتیەکاندا هاتوەو عێراق بەشێکە لێیان، وپابەندە بە بەجێهێنانیان لە سیستەمی یاسایی ناوخۆیی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.**

مادەی (31): گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێ و لەوەوە هەموو دەستەباڵاکانی هەرێم دروست ببن و لەبڕیاردانی چارەنووسیدا لەگشت بوارەکاندا خودان ئیرادەی باڵابێت و مافی لەوەدا بۆ مسۆگەر بکات کە هەموو دەسەڵاتێکی کردەنی لەئاراستەکردنی سیاسەتی یاسادانان و جێبەجێکردندا هەبێ.

مادەی (32): گەلی هەرێمی کوردستان لەرێی ریفراندۆم و میکانیزمە دەستوورییەکانەوە بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی هەرێم دەدات.

مادەی (33): پشتگیری کردنی پەرلەمان بۆ ئەوەی رۆڵی سەرەکی خۆی وەکوو دامەزراوی یاسادانان و چاودێری

کردن ببینێ. ئەرکی سەرشانی پارتیشە کە جدییانە بایەخ بەم دامەزراوە بدات و بەهەموو شێوەیەك پشتگیری بکات و کادری لێهاتوو دەستپاك و پسپۆڕ و خاوەن شارەزایی لەبوارە جۆراوجۆرەکانی بۆ کاندید بکات.

مادەی (34): پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیی و بەرنامەکەیدا کە متمانەی پەرلەمانی وەرگرتووە.

مادەی (35): لە حاڵەتێکدا فیدراڵییەت لەعێراقدا شکستی خوارد ئەوا مافی گەلی کوردستانە بڕیار لە چارەنووسی بدات.

مادەی (36): ڕێزگرتن لە پرنسیپی زوڵاڵی و لێپرسینەوە و سزادان و زامن کردنی زوڵاڵی کاری حکومەت. جا لەپێناوی بەرجەستەکردنی مافی هاوڵاتیان لەچاودێرکردنی دەسەڵاتەکانی هەرێم، حزب کار دەکات بۆ:

أ. مسۆگەرکردنی ئازادی دەستکەوتنی زانیاری و ئاگاداربوون لە چالاکی حکومی و ناحکومی لە هەرێمی کوردستاندا.
ب. دەستوور و یاساکان ئەو ئامرازانە بۆ گەل فەراهەم بکەن کە بەهۆیانەوە زوڵاڵی و لێپرسینەوە دروست دەبن و گەلیش دەتوانێ چاودێری دەسەڵاتەکانی هەرێم بکات.

مادەی (37): زامن کردنی مافە نەتەوەیی و کولتووری و بەڕێوەبەردن و خوێندن بۆ هەموو ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیانەی لەگەڵ کورددا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەژین و، ڕێز لە هەست و نەریتەکانیان بگیرێ و تایبەتمەندییە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانیان بنرخێنرێن و، کاربکرێ بۆ مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتییان لە پەرلەماندا بەپێی حەشیمەتیان و، کارئاسانی بۆ گەڕانەوەی پەراگەندەکانیان بۆ سەر زێدی خۆیان بکرێ.

مادەی (38): پابەندبوون بە بنەمای سەروەریی یاساو یەکسانیی لەبەردەمیدا بەبێ ئەوەی جیاوازی بکرێ بەهۆی نەتەوە یان ڕەگەز یان ئایین یان پێگەی کۆمەڵایەتییەوە.

مادەی (39):

أ. پابەندبوون بە پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان
ب. بەدیهێنانی پرنسیپی سەربەخۆیی دادوەریی و جگە لە یاسا هیچ دەسەڵاتێکی دیکەی بەسەرەوە نیە.

مادەی (40): زامن کردنی ئازادی ڕۆژنامەگەریی و فراوانکردنی زەوینەی ئازادی ڕادەربڕین و کارکردن بۆ ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ببنە میکانیزمی کارا بۆ داکۆکی کردن لەماف و ئازادییەکانی گەلی هەرێم.

مادەی (41): بەشداری کارا لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا مەرجدارە بەڕێزگرتنی تەواو لەدەستووری عێراق و پابەندبوونی هەموو لایەنەکان بە جێبەجێکردنی مادەو بڕگەکانیەوە.

مادەی (42): بۆ بەرفراوانکردنی پرنسیپی بەشداری کردنی هاوڵاتیان لە حوکمڕانیدا، پارتیمان کاردەکات بۆ جێبەجێکردنی پرنسیپی ریفراندۆم (دەنگدانی گشتی) لەسەر ئەو یاسا بنەڕەتیانەی سروشتی دەستووریيان هەیە.

مادەی (43): کۆشش کردن لەپێناوی دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ قەدەغەکردنی جیاکاریی بەهەموو شێوەو شێوازەکانیەوەو سزادانی هەرکەسێ بانگەشەی بۆ بکات یان دەیخاتە بەردڵان یان پەیڕەویکردنی جیاکاریی پەردەپۆش دەکات.

**بەشی دووەم: لەبواری پەرەپێدانی سستمی دادوەریدا**

لە پڕاوبوونمانەوە بە پرنسیپی: دادوەری سەربەخۆ جگە لە یاسا هیچ دەسەڵاتێکی دیکەی بە سەرەوە نیەو

ولایەتی گشتیش هەر بۆ ئەوەو لەپێناوی ئەوەدا کە ئەرکە پیرۆزەکانی بێلایەنانە جێبەجێ بکات و لەنێوانی داواکاراندا ماف بدات بە خاوەن ماف، پارتیمان کاردەکات لەپێناوی:

مادەی (44): رێزگرتن لە دادوەریی و سەربەخۆبوون و دووپاتکردنەوەی هەموو ئەو زەمانەتە یاساییانەی لەگشت بوارەکاندا دەبێ لەو پێناوەدا هەبن.

مادەی (45): چاوخشانەوە بە سستمی داواکاری گشتیدا لەپێناوی کاراکردنی رۆڵەکەی لەپاراستنی کۆمەڵگادا.

مادەی (46): راهێنانی دادوەران و داواکارە گشتییەکان لەپەیمانگای دادوەریدا و کردنەوەی خولی گشتی و پسپۆرانە لەبوارەکانی یاساو داوەریدا لەپێناوی پەرەدان بە تواناکانی فەرمانبەران لەدەسەڵاتی دادوەریدا.

مادەی (47): بایەخدانی پێویست بە ئەنجوومەنی شوراو داوەریی ئیداری و کاراکردنی رۆڵیان لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانیان.

مادەی(48): کارکردن بۆ مسۆگەرکردنی کارایی پارێزەران لەو رۆڵەدا کە لەدادگا هەیانە.

مادەی (49): بڵاوکردنەوەی هوشیاریی یاسایی کە دەبێتە هۆی ئەوەی دادگاکان رۆڵی سەرەکی ببینن لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی نێوان هاوڵاتیان.

**بەشی سێیەم: لەبواری پەرەپێدانی سستمی کارگێریدا**

لەرێی بەکارهێنانی سامانی سروشتی و مرۆیی و داراییەوە، ئیدارە رۆڵ و بایەخی زۆرە لەجێبەجێ کردنی گەشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام پارتیمان وای دەبینێ کە سستمی ئیداریی ئێستا نەگونجاوە لەگەڵ ئەو گۆرانکارییە جەوهەرییانەی لە کوردستاندا روویانداوە بۆیە پێویستە گۆرانی جەوهەریی تێدا بکرێ کە بەهۆیانەوە ئەم سستمە بتوانێ ئەو ئامانجانە بهێنێتە دی کە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسییەوە بۆی دانراوە و کێشەکانی گەندەڵی و مەینەتییەکانی هاوڵاتیان بەدەست رایی نەکردنی کاروبارەکانیان و زیادەرۆیی رۆتینەوە چارەسەر بکات. ئێمە لەم رووەوە تێدەکۆشین لەپێناوی:

مادەی (50): دامەزراندنی دەستەی باڵای پەرەپێدانی ئیدارە لە کوردستاندا. ئەرکی ئەم دەستەیە لێکۆڵینەوەی بەردەوامە لەواقیعی کارگێریی و دانانی سستمێکی هاوچەرخانە بۆی.

مادەی (51): دارشتنی ستراتیژێکی گونجاو بۆ سوودوەرگرتنی تەواو لە سامانی مرۆیی کوردستان و دۆزینەوەی دەرفەتی راستەقینەی کاری بەرهەمهێنەر بۆ مسۆگەرکردنی لەناوبردنی بێکاری و بێکاریی دامامکراو کە هەر ئێستا دامەزراوەکانی دەوڵەت بەدەستییەوە دەناڵێنن. ئەمەش لەرێی:

أ. هاندانی کەرتی تایبەت بۆ کردنەوەی پرۆژەی بەرهەمهێنەر و چاوخشانەوە بەیاسای وەبەرهێناندا بەتایبەتی بە ئاراستەی کردنەوەی پرۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بایەخدانی زیاتر بە کرێکاری خۆماڵی.

ب. بایەخدان بە بەرکارهێنانی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ و بەرزکردنەوەی توانستی کارمەندان و کادیرانی کارگێریی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا لەرێی کردنەوەی خولی بەردەوامی مەشقپێدانەوە وەك ئامادەسازییەك بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئەلکترۆنی.

مادەی (52): بڵاوکردنەوەی کەلتووری خزمەتکردنی هاوڵاتی لەناو دامەزراوەکانی حکومەتدا بەجۆرێك کە هەر کارمەندێکی ئەو دامەزراوانە لە فەلسەفەی کارگێریی گشتی لەم بوارەدا تێبگات کە بریتییە لەوەی هەموو وەزیفە و دەسەڵاتێك لەپێناوی خزمەتکردنی هاوڵاتیدایە نەك دەسەڵاتڕۆیی بەسەریدا.

مادەی (53): بەرجەستە کردنی شێوازی نا ناوەندیی کارگێریی و بەخشینی دەسەڵاتی پێویست بە دەسەڵاتە خۆجێییەکان کە هاوکار بێت لە خێرا کردنی جێبەجێ کردنی کاروبارەکان. هەموو ئەمانە پێویستە وەها رێکبخرێن کە پەرتوبڵاوی لە ئامانجەکان و تواناکاندا دروست نەکەن و رێگەیش نەدەن کە لە ئەرکەکاندا دووفاقی دروست ببێ.

مادەی (54): دامەزراندنی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستانداو،کاراکردنی ڕۆڵی دیوانی چاودێریی دارایی و کارکردن بۆ ئەوەی یاسای تایبەت بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەموو چەشنەکانی گەندەڵی دەربکرێ.

مادەی(55): زامنکردنی پرنسیپی بەشداریی و کارکردن بە گیانی یەك تیمی لە وەرگرتنی بڕیارە کارگێرییەکاندا و پتەوکردنی پەیوەندی مرۆڤانە لە نێوانی ئاستە کارگێرییە جیاجیاکاندا.

مادەی (56): پێکهێنانی ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی لە پێناوی مسۆگەرکردنی یەکسانیی دەرفەت لە کاروباری وەزیفی و دامەزراندن لە وەزیفە گشتیەکاندا.

## بەشی چوارەم : لە بواری پەرەپێدانی سیاسەتی ئابووری و داراییدا

پارتیمان بایەخێکی زۆر بە سیاسەتی ئابووری و دارایی دەدات چونکە ڕۆڵێکی گەورە لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و باشکردنی ئاستی گوزەرانی تاکەکان و خۆشگوزەرانی ئەواندا دەبینێ. لەم ڕووەوە پارتیمان پشت بە دانانی سیاسەتگەلێکی ئابووری و دارایی پێویست دەبەستێ کە لە بەر ڕۆشنایی ئەو گۆرانکارییانەی لە ئابووری جیهاندا روو دەدەن و بۆ هەرچی زیاتر خزمەت کردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی هەرێم بەردەوام چاویان پیابخشێنرێتەوە و هەموار بکرێن و گۆرانکاری پێویستیان تێدا بکرێ. بۆیە پارتیمان کاردەکات لە پێناوی:

مادەی(57): زەروورەتی سەرلەنوێ بیناکردنەوەی ئابووری عێراق لە سایەی سستمێکی دیموکراسی فرەیی فیدراڵدا کە بەرژەوەندییەکی گەلی عێراق و تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەر چاو بگرێ و سیاسەتێکی ئابووری و دارایی ئەوتۆ پەیرەو بکات کە لەگەڵ لۆژیکی سەردەمدا ڕێ بکات و لەگەڵ ئەو گۆرانکارییانەدا بگونجێ کە لە عێراقی نوێ دوای 2003 هاتوونەتە ئاراوە.

مادەی (58): جێبەجێ کردنی سستمێکی دادوەرانە بۆ دابەشکردنی سامانی نیشتمانیی لە نێوانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا. ئەمەش لە ڕێ دانانی یاسای کارگێری دارایی دەوڵەتەوە کە کاولکردنی بە ئەنقەستانە و زۆرە ملێیانەی ئابووری کوردستان لەبەرچاوبگرێ.

مادەی (59): حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی ئاشکرا و زوڵاڵی ئابووری و دارایی پەیرەو بکات زامنی ئازادی چالاکی ئابووری بکات و پشتگیری بەرهەمی نیشتمانی و پیشەسازی خوماڵی بکات و بیانپارێزێ ، هاوکات سەرلیستی ئەو سیاسەتە دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری کوردستان بێ.

مادەی(60): سوود وەرگرتنی تەواوەتی لەو کەشە ئارام و پارێزراوەی لە هەرێمدا هەیە بۆ سەرمایەگوزاریی تا بە هۆیەوە سەرمایەی نیشتمانی و بیانی ڕاکێشرێن و ئاراستە بکرێن بەرەو بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار. هەروەها لە ڕێی دانانی نەخشەیەکی سەرمایەگوزاریی گشتگیرەوە کە توانا هەبووەکان و پێویستیە گشتییەکانی لەبەر چاوگرتبێ ، پێویستە یاسای سەرمایەگوزاری و ئەویاسایانەی پەیوەندییان بەم کایەوە هەیە کارا و هەموار بکرێن تا ڕابونێکی ئابووری بەرپا بکرێ.

مادەی(61): کارا کردن و سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی پەیکەری کەرتی دارایی و بانکایەتی لە هەرێمدا و کارکردن بۆ ئەوەی سەر لە نوێ متمانەی پێ بکرێتەوە، ئەمەش لە ڕێی دانانی سیاسەتێکی نیشتیمانی دروستەوە، کە لە سەر بناغەی ڕاکێشانی زیادە نەختینە و خشڵ و زیادە پاشەکەوت کار بکات و سستمێکی بانکایەتی هاوچەرخ بۆ بانکە پسپۆرییەکان لە هەرێمدا دابنێ و بیانبەستێتەوە بە بانکە جیهانییەکانەوە و هەروەها هەوڵ بدرێ سەر لە نوێ دامەزراوەکانی تەئمین بە هەموو جۆرەکانیەوە دروست بکرێنەوە.

مادەی (62): هانی دانانی کۆمپانیای پشکداریی بدرێ و لە هەرێمدا کەشێکی لە بار بۆ ئەو مەبەستە دروست بکرێ تا پاشەکەوتە بچووك و مامناوەندییەکان بە کار بهێنرێن و دەرفەتی کار و ئیشپێکردنی هێزی کاری ناوخو دروست ببێ و بازاری نەختینە لە هەرێمدا کارا ببێ.

مادەی(63): هەوڵدان لە پێناوی چاوخشاندنەوە بە هەموو یاسا داراییەکاندا، بە تایبەتی ئەوانەیان کە پەیوەندییان بە سیاسەتی باجەوە هەیە تا لەگەڵ گۆرانکارییە ئابوورییەکانی ئێستادا بگونجێنرێنەوە.

مادەی(64): چارەسەر کردنی کێشەی بێکاری دەمامککرا و کە بۆتە قورسایی بەسەر شانی بودجەی گشتی هەرێمەوە و خەرجییەکی یەکجار زۆری کارپێکردن و بەرخۆریی لە سەر حیسابی دابەزینی خەرجییەکانی سەرمایەگوازاریی خستۆتە ئەستۆی بودجە.

مادەی (65): لە پێناوی پاراستنی پارەی گشتی و باش بە کارهێنانیدا، پێویستە لە رێی کارابوون و کاریگەریی رۆڵی دیوانی چاودێری داراییەوە چالاکی و رۆڵی چاودێری دارایی کارا بکرێن.

مادەی (66): دانانی یاسا بۆ پاراستنی بەرکار و قەدەغە کردنی ئەوەی لە لایەن بەرهەمهێنەر و بازرگانانەوە ئیستیغلال بکرێ. هەروەها دەزگای پێوانە و کۆنترۆڵی جۆریی بۆ هەموو کاڵا و خزمەتگوزارییەکان کارا بکرێ و هاوکاریی کۆمەڵەکانی پاراستنی مافەکانی بەرکار بکرێ.

مادەی (67): دانانی یاسای ئازادی کێبرکێ و قەدەغە کردنی قۆرخ کردن، هەروەها بازار بە پێی میکانیزمە هاوچەرخەکان رێکبخرێ و لەگەڵ سیاسەتە ئابووری و داراییەکانی هەرێم بگونجێنرێن.

مادەی (68): چاوخشاندنەوە بە سستمی فۆرمی خۆراك وەرگرتندا بۆ ئەوەی باش بوونی ئاستی گوزەرانی خاوەن دەرامەتە دیاریکراوەکان زامن بێ.

**مادەی (69): کردنەوەی حسابێکی تایبەت بە پشکی هەرێم لەداهاتەکانی فیدراڵی و پاشەکەوتکردنی بەشێکی بۆ بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوو.**

## بەشی پێنجەم : لە بواری پەرەپێدانی سستمی پەروەردە و خوێندنی باڵادا

پارتیمان بە پێویستی دەزانێ فەلسەفەیەکی پەروەردەیی روون و ئاشکرا بۆ دارشتنی سیاسەتێکی نەتەوەیی نیشتمانیی یەکگرتوو دابنرێ. دیدگایەکی نوێی هاوچەرخی تێدا بێ بۆ چارەسەرکردنی ئاسەوارە نەگەتیڤەکانی سیاسەتە پەروەردەییە رەگەزپەرست و شۆڤێنییەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان ، بۆیە پارتیمان کاردەکات لە پێناوی:

مادەی (70): هەڵسەنگاندن و راستکردنەوەی بەردەوامی پرۆگرامەکانی خوێندن تا بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیاو شارستانییەتدا وێك بێنەوە.

مادەی(71): چەسپاندنی هزری نەتەوەیی ونیشتمانی لە سستمی خوێندندا بۆ ئەوەی لە رێی ئاگابوون لە مێژوو جوگرافیای کوردستان و بایەخدان بە کەلەپوور و کولتوور و زمان و شێوە زارەکانی کوردی و ئایین و مەزهەبەکانەوە ئینتیما بۆ گەل و خاکی کوردستان پتەوتر بێ.

مادەی (72): لە رێی دانانی بابەتی(ئەنفال، راگواستن، بۆردومان بە چەکی کیمیایی) لە ناو پرۆگرامەکانی پەروەردەو خوێندندا، تاوانەکانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی کە دەرهەق بە میللەتەکەمان کراون، بە رۆڵەکانی گەلەکەمان بناسێنرێن.

مادەی (73): پشتگیری کردنی بەردەوامی بایەخدان بە زمان و کولتوورەکانی تورکمان، عەرەب، کلدان و سریان و ئاشووری و ئەرمەنی لە پرۆگرامە پەروەردەییە تایبەتەکانی خۆیاندا.

مادەی (74): فراوانکردنی بە کارهێنانی زمانە بیانییەکان لە بوارەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵادا.

مادەی (75): بیناکردنی کەسایەتی تاکی کوردستانی بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی سەربەخۆ و متمانە بەخۆ و بەرهەمهێنەری لە کۆمەڵگادا هەبێ.

مادەی(76): بۆ ئەوەی دەستەکانی خوێندنو فێرکردن بتوانن ئەرکی پەروەردەیی و فێرکاریی خۆیان جێبەجێ بکەن پێویستە لە رێی دابینکردنی ئاستێکی شایستەی گوزەران و بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیانەوە ، بایەخیان پێ بدرێ.

مادەی (77): بایەخێکی تایبەت بە زانکۆ و پەیمانگاکان و مامۆستایان و کادیرە زانستیەکانیان بدرێ و رێز لە سەربەخۆیی و حورمەتیان بگیرێ و دەست لە کاروباریان وەرنەدرێ.

مادەی (78): شێوازی نامەرکەزیی کارگێریی لە هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە باڵاکاندا پەیرەو بکرێ لە پێناوی کەمکردنەوەی رۆتین و زامنکردنی سەربەخۆییان بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

مادەی(79): فەراهەم کردنی کەشی لەبار بۆ گەڕانەوەی توانا زانستییەکان بۆ هەرێمی کوردستان تا بەشداری لە کاروانی زانستیدا بکەن.

مادەی(80): کارکردن بۆ وەرگرتنی زەمالە و نێردراو بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەندامانی دەستەی فێرکاری و قوتابیانی سەرکەوتوو، دابەشکردنی لەسەر بناغەی یەکسانی دەرفەت پێدان.

مادەی(81): کارکردن بۆ دانانی کورسی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم بۆ قوتابیانی کوردی دەرەوەی هەرێم.

مادەی(82): پەیرەو کردنی سیاسەتێکی روون و ئاشکرا لە بواری پەروەردەو خوێندنی باڵادا سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆی حکومەتی و ئەهلی بە وانەشیانەوە کە ئێستا کار دەکەن و جەخت لە سەر جۆری ئەم دامەزراوانە بکرێتەوە و پێوەری هەڵسەنگاندنی بەردەوام و زامنکردنی جۆرایەتییان لەگەڵدا پەیرەو بکرێ.

مادەی (83): پەیرەو کردنی پرنسیپی جیانەکردنەوە لە نێوان رەگەزی نێرو مێدا لە ئامرازەکانی خوێندن و روونکردنەوەی ناو کتێب و پروگرامەکانی خوێندندا.

مادەی(84): بایەخدان بە خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی و پەرەپێدانیان لە پێناوی راهێنانی کادیری مامناوەندی بۆ بەشداری کردن لە بیناکردن و پەرەپێدانی ئابووری وڵات کە لەگەڵ پێویستیەکانی بازاڕدا بگونجێ.

## بەشی شەشەم: لە بواری پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستیدا

توێژینەوەی زانستی رێگەیە بۆ پەرەپێدانی شارستانی و بیناکردنی قەوارەی کوردی  بۆیە پێویستە لەرێی هاندانی زانایان و بیرمەندان و فراوانکردنی ئەکادیمیای کوردستان و پەرەپێدانییەوە وەکو ئەکادیمیا هاوکوفەکانی لە جیهاندا، دەرفەتی دروستی بۆ پرەخسێنرێ. بۆیە پارتیمان کاردەکات بۆ:

مادەی(85): پشتگیرکردنی زانایان و داهێنەران لە رێی دەرکردنی یاسای چاودێری کردنی زانایان و داهێنەرانەوە و **کردنەوەی سەنتەری داهێنانی زانستی لە هەرێمدا بەمەبەستی هاندانی داهێنەران و پێشکەشکردنی ئاسانکاری پێویست و دابینکردنی کەشی گونجاو بۆیان و دەرخستنی توانا و داهێنانەکانیان و جێبەجێکردنی هزری داهێنان لە زەمینی واقعدا.**

مادەی (86): پشتگیریکردنی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی رەسەن لەرێی بایەخدان بە بنکەکانی توێژینەوە لە زانکۆکاندا و سازکردنی کۆڕ و کۆنگرەی زانستی جیهانیی و سوود وەرگرتن لە دەرەنجامەکانیان. هەروەها هاندانی توێژەران بۆ ئەوەی توێژینەوەی پەیوەندیدار بە مەسەلەگەلەکانی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بکەن.

مادەی (87): هاندانی بزاڤی وەرگێران لە هەرێمدا و کردنەوەی دەزگایەکی ئەکادیمی تایبەتمەند بۆ وەرگێرانی کتێب و سەرچاوە زانستیەکان بۆ زمانی کوردی و لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانی دیکە.

## بەشی حەوتەم: لە بواری پەرەپێدانی سستمی تەندروستیدا

بەهۆی گرنگی سستمی تەندروستی و رۆڵی لە بیناکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستدا، پارتیمان لەو بڕوایە دایە کە کاربکرێ بۆ:

مادەی (88): هەرچی زیاتر بایەخدان بە چاودێریی تەندروستی بە هەموو جۆرەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردنەوە. ئەمەش لەرێی دابین کردنی کەرەستە و کادیری نوژداری و تەندروستی و تەکنەلۆژیای

هاوچەرخ و هەرچی زیاتر کردنەوەی خەستەخانە و بنکەکانی تەندروستي و عیادەی راوێژکاریی و زامنکردنی دابەشکردنی جوگرافییانەی عادیلانە کە خزمەتگوزارییەکان بگەنە هەموو هاوڵاتیانی هەرێم.

مادەی(89): بەرزکردنەوەی هوشیاری تەندروستی لە رێی دانانی بەرنامەی جۆراو جۆرەوە لە دەستگاکانی راگەیاندن و پرۆگرامەکانی خوێندن و ئامڕازەکانی دیکەدا.

مادەی(90): دروست کردن و پەرەپێدانی بنکەکانی راهێنان و چارەسەریی سروشتی و سازکردنیان بە کەرەستە و ئامێری هاوچەرخ.

مادەی (91): پەرەپێدانی پیشەسازی داوودەرمان و کەرەستەکانی نوژداریی لە هەرێمدا بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و کاراکردنی رۆڵی دامەزراوەکانی جۆرایەتی داوودەرمان و کەرەستە نوژدارییە ناوخۆیی و هاوردەکان.

مادەی(92): دانانی سستمی زەمانەت و تەئمینی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا.

مادەی (93): چاوخشانەوە بە سستمی تەندروستیدا بەو ئاراستەیە کە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاریی تەندروستی و مامەڵەی مرۆییانە لەگەڵ نەخۆشاندا مسۆگەر بکات.

## بەشی هەشتەم: لە بواری پەرەپێدانی سستمی کۆمەڵایەتیدا

لەو روانگەیەوە کە کۆمەڵگای کوردی بە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی گەورەدا تێدەپەڕێ و بەپشت بەستن بەو گۆڕانانەی لەبواری کۆمەڵایەتیدا روویانداوە، پارتیمان هوشیارانە کاردەکات لە پێناوی جێبەجێ کردنی سستمێکی کۆمەڵایەتی پەرەسەندوو لە رێی جێبەجێ کردنی ئەم پرنسیپانەوە:

مادەی(94): خەبات لە پێناوی دابین کردنی پێویستییە سەرەکییەکانی تاك: ژیانێکی گونجاو (خۆراك، جلوبەرگ، خانووبەرە...) دەرفەتی کار، پەروەردە و خوێندن، چاودێری تەندروستی، ئازادی رادەرپڕین...

مادەی(95): دیموکراتیزەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش لەرێی بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خێزانی کوردستانی، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و زانینی تاك و ناساندنی بە چەمك و زاراوەو پرنسیپەکانی دیموکراسی.

مادەی (96): کاراکردنی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون لە ناو کۆمەڵگادا، لە رێی بەشداری کردنی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان شان بە شانی خێزان.

مادەی (97): کارکردن بە پرنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەني و بڵاوکردنەوەی کولتووری مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی منداڵ، یەکسانی ژن و پیاو، ئازادی تاك، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی...

مادەی (98): پاراستن و گەشەپێدانی کولتووری کوردی لە پێناوی پاراستنی شوناسی نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردیدا.

مادەی(99): پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی و بەستانداردکردنی وەك مەرجێکی پێویست بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و یەکێتی نەتەوەیی کورد. هەروەها کاراکردنی پرۆسەی بەرەسمیکردنی زمانی کوردی لە سەرتاسەری عێراقدا.

مادەی(100): مسۆگەر کردنی ژیانێکی بەختیار و ئارام بۆ منداڵان بەو پێیەی ئەوان سامانێکی کۆمەڵایەتین و دەبێت هەموو جۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی و دەروونی لە دژیان قەدەغە بکرێ و رێگەنەدرێت بە کارپێکردنیان.

مادەی(101): سنوور دانان بۆ هەژاری و چارەسەرکردنی ئەو ئاریشە کۆمەڵایەتییانەی لێی دەکەونەوە، ئەمەش لە رێی سەرلەنوی چاوخشاندنەوە بە سستمی چاودێری و دابینکردنی کۆمەڵایەتیدا.

مادەی(102): بایەخدان بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و مسۆگەرکردنی مافەکانیان بە پێی پێوەرە مرۆییەکان و وەکوو ئەوەی لە بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە تایبەتەکاندا هەن.

مادەی(103): چاوخشاندنەوە بە یاساکانی کاردا و ڕێکخستنەوەی وەکوو ئەوەی لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێمدا بگونجێن، ئەمەش لە ڕێی دانانی یاسایەکی نوێ بۆ کار کە چینی کرێکار لە کەرتی گشتی و تایبەتدا بگرێتەوەو لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت.

مادەی(104): دانانی یاسایەکی نوێ بۆ خانەنشینی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی بگونجێ لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.

مادەی (105): دابین کردنی ژیانێکی شایستە بۆ بە ساڵاچووان و کردنەوەو پەرەپێدانی بنکەکانی سەرپەرشتی کردنیان.

مادەی(106): کاراکردنی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوانەی دەیانگرێتەوە.

مادەی(107): کاراکردنی خزمەتگوزاریی پێویست لە دامەزراوەکانی چاکسازیدا (بۆ نەوجەوانان و بە تەمەنەکان) و بایەخدان بە بارودۆخی گیراوان و کەسوکاریان و پۆلینکردنیان و دانانی بەرنامە بۆ ڕاهێنانیان وەکوو ئەوەی ئەندامی بە سوودن لە کۆمەڵگادا.

مادەی(108): کردنەوەی نووسینگەکانی کارپێکردنی حکومەتی بۆ دابین کردنی دەرفەتی کار بۆ بێکاران و بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی ڕاهێنانی ئەوانەی کارامە نین لە کارێکدا.

## بەشی نۆیەم: لە بواری پەرەپێدانی سستمی بەرگریدا

لە وەتەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی مەزنە وە و بەدرێژایی ئەم مێژووە (پێشمەرگە) قەلغانی گەلی کوردستان و پارێزەری سنوور و سیمبولی خۆڕاگری بوون. لە سایەی قوربانیدانی زۆر و زەوەندی ئەوانەوە گەلەکەمان توانیویەتی لە بارودۆخە جیاجیاکاندا بەرگری بکات و بەشێکی زۆری ئاواتەکانی بێنێتە دی، بۆیە پارتیمان ڕۆڵی نەبەردانە و داستانە مەزنەکانی ئەوان لە کاروانی گەلەکەماندا بەرز دەنرخێنێت و هەروەها ڕۆڵی ئێستایان لەپاراستنی هەرێم و عێرق بەپێی ئەوەی بەشێکی گرینگی پێکهاتەی مەنزومەی بەرگری عێراقن بە شانازییەوە هەڵدەسەنگێنێ. پارتیمان لێبڕاوانە و بە جدی کاردەکات لە پێناوی:

مادەی(109): پشتگیرکردنی کۆششەکانی وەزارەتی (پێشمەرگە) بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی کە زامنی بەرگریکردنە لە سنووری کوردستان و پاراستنی ماف و دەستکەوتەکانی گەلەکەمان.

مادەی (110): بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی (پێشمەرگە) لە ڕێی دانانی یاسا و ڕێسای تایبەت بەوانەوە.

مادەی(111): بەرزکردنەوەی ئاستی مەشق و پرچەك کردني پێویست بۆ بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتوویی شەڕوانیی پێشمەرگە و کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگای سەربازیی و بنکەکانی توێژینەوەی پسپۆڕانەی سەربازی و دامەزراندنی دەستگەی سەربازیی گونجاو لەگەڵ تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا.

مادەی(112): پشتگیری کردن و پەرەپێدانی دەستگای ئەیلول بۆ سەرپەرشتی و چاودێری کردنی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و شۆڕشی گوڵان وەکوو نرخاندنی خەبات و قوربانیدانی ئەوان و بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموون و شارەزاییان و هاریکاریکردنی خانەوادەکانیان کە دابینی کۆمەڵایەتی و تەندروستیان هەبێ.

مادەی(113): بایەخدان بەو پێشمەرگانەی لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا بەرکەوتوون و لە ڕێی یاسای تایبەت بەو بوارەوە مافەکانیان مسۆگەر بکرێ.

مادەی(114): ڕێزگرتن و نرخاندنی قوربانیدانی پێشمەرگەی شەهید و سەرپەرشتی کردنی خانەوادەکانیان و دابین کردنی پێویستییەکانیان و ژیانێکی شایستە بۆیان.

مادەی(115): بەشداری کردنی پێشمەرگە لە هاریکاریکردنی هێزەکانی بەرگریی مەدەنی و ئاوەدانکردنەوەی

کوردستاندا.

مادەی(116): ناساندنی رۆڵەکانی گەلەکەمان بە خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگە و رۆڵیان لە دامەزراندن و جێگیرکردنی ئەو قەوارەیەی ئێستا هەیە لە هەرێمدا، ئەمەش لە رێی دانانی ئەم بابەتانە لە ناو پرۆگرامی پەروەردە و خوێندناو مۆنیمێنت و مۆزەخانە و بنکەی بەڵگەنامەکانی داستان و نەبەردییەکانیان بکرێنەوە و پیرۆزیی ناوی پێشمەرگە بپارێزرێ.

مادەی(117): بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی هێزی پێشمەرگە بەو رادەیە کە ئاگایی تەواویان لە گۆرانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بێ و لاگیریان بۆ وڵات و نەتەوە قوڵتر بێتەوە.

**بەشی دەیەم: لە بواری پەرەپێدانی هێزی ئاسایشی ناوخۆدا**

ئاسایش یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ. بەو پێیەش پارتیمان پروای بەوەیە کە هێزی ئاسایشی ناوخۆ رۆڵێکی پر بایەخ لە پاراستنی هاوڵاتیان و سامان و ئازادییەکانیان و بەرگری کردن لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و دابین کردنی سەروەریی یاسا و جێبەجێ کردنی دادپەروەری و رێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیدا دەبینن. هەروەها ئەوان رۆڵیان لە سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی هەرێمدا هەبووە. بۆیە پارتیمان کاردەکات بۆ:

مادەوی(118): هەرچی زیاتر پشتگیری کردنی هێزی ئاسایشی ناوخۆ لە پێناوی ئەوەدا کە بتوانن وەکوو دەستگایەکی پیشەیی پسپۆر بە باشترین شێوە رۆڵی خۆیان ببینن.

مادەی(119): هەرچی زیاتر بایەخدان بە مەشق و راهێنان و بەهێز کردنی تواناکانی و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی کارمەندەکانی لە رێی پەرەپێدانی ئەو قوتابخانە و پەیمانگا و کۆلێژە تایبەتمەندانەوە کە ئێستا هەن.

مادەی(120): باش کردنی باری گوزەرانی کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆ.

مادەی (121): بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی کارمەندانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بەو رادەیە کە لاگیرییان بۆ نیشتمان و نەتەوە قوڵتر بکاتەوە و متمانەی هاوبەشی نێوان ئەوان و هاوڵاتیان بە هێزتر بکات.

مادەی(122): بە کارهێنانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ لە کاری دامەزراوەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ و لە بوارەکانی پشکنین و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاواندا.

**بەشی یازدە: لە بواری پەرەپێدانی سستمی کۆمیونیکەیشن (پەیوەندی گرتندا)**

لە ماوەی ساڵانی دواییدا کوردستان پەرەسەندنێکی بەرچاوی لە ئامرازە هاوچەرخەکانی پەیوەندیدا بە خۆوە بینیوە، لە بەر بایەخی ئەم بابەتە ، پارتیمان کاردەکات لە پێناوی:

مادەی (123): دانانی یاسا بۆ رێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی پەیوەندی گرتن و بە کارهێنانی ئامرازە هاوچەرخەکان (ئەنتەرنێت، مۆبایل...) بە جۆرێك کە بەرژەوەندی لایەنە هاوبەشەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ و ئەخلاقیانە بەدیبهێنێت و، نرخی گونجاو و جۆری باشی پەیوەندی و چاودێرییەکی چلۆنایەتی و سزادانی سەرپێچیکەران مسۆگەر بکات.

مادەی (124): پابەندکردنی کۆمپانیاکانی پەیوەندی کە بازنەی گەیاندنیان بە رادەیەك فراوان بکەن کە هەموو شارو گوند و دەڤەرێکی کوردستان و عێراق بگرێتەوە.

مادەی(125): پەرەپێدانی وێستگەکانی کەش وهەوا لە کوردستاندا بە جۆرێك کە بگونجێن لەگەڵ پەرەسەندنە تەکنەلۆژیاکان و بایەخێکی تایبەتیش بە بنکەکانی ئاگابوون لە بوومەلەرزە و پێزانینی پێشوەخت بدرێ.

مادەی(126): پەرەپێدانی سستمەکانی پۆستە لە کوردستاندا بە شێوەیەکی هاوچەرخانە.

**بەشی دوازدە : لە بواری پەرەپێدانی سستمی گواستنەوەو گەیاندندا**

گواستنەوە و گەیاندن شادەماری ژیانی ئابوورین . جا لە بەر ئەوەی کوردستانیش یەکێکە لە دەروازە نێودەوڵەتییەکانی عێراق، بۆیە پێ بە پێی ئەوە گواستنەوە و گەیاندن بایەخێکی تایبەتیان هەیە ، پارتیمان لەم رووەوە کار دەکات بۆ:

مادەی (127) : رێکخستنی تۆری گواستنەوەی گشتی بە مکانیزمی یاسایی( لەسەر بناغەی هاوچەرخانە) و فراوانکردنی بۆ ئەوەی بەشدار بێ لە چارەسەر کردنی دیاردەی خنکانی هاتوچۆ.

مادەی(128): بایەخدان بە تۆری رێگاوبان و پردەکان و پەرەپێدان و چاککردنەوە و هەموار کردنیان بە تایبەتی ئەو رێگا ناوخۆ و دەرکییە سەرەکییانەی هەرێم بە وڵاتانی دراوسێیەوە دەبەستنەوە. هەروەها تۆری رێگای ئاسنین دابمەزرێنرێ و فرۆکەخانەکان فراوان بکرێن.

مادەی(129): سنووردانان بۆ هاوردەکردنی بێ بەرنامەی ئامرازەکانی گواستنەوە.

مادەی(130): هەموارکردنی ئەو یاسایانەی هاتوچۆ کە تایبەتن بە رێکخستنی بەکارهێنانی جۆرە جیاجیاکانی ئامرازەکانی گواستنەوە چ گشتی، چ تایبەتی بە جۆريك کە باشێتی گواستنەوە و پاراستنی ژینگە مسۆگەر بکەن.

مادەی(131): بڵاوکردنەوەی هوشیاریی هاتووچۆ لە ناو هاوڵاتیاندا لە ڕێی دەستگاکانی راگەیاندن و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.

مادەی(132): وەرگرتنی رێو شوێنی کردەنی کە سنوور بۆ رووداوە دڵتەزێنەکانی هاتووچۆ دابنێن.

**بەشی سیازدە: لە بواری پەرەپێدانی سستمی ژینگەدا**

پاراستنی ژینگەو سەوزکردنەوەی خاکی کوردستانی جوان ئەرکێکی نیشتمانی ونەتەوەیی و مرۆییانەیە، بەسەرچاوەگرتن لە پرنسیپی مسۆگەرکردنی مافی مرۆڤ کە لە ژینگەیەکی پاکژدا بژی، پارتیمان کاردەکات لە پێناوی:

مادەی (133): جێبەجێ کردنی پریارەکانی ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتییانەی تایبەتن بە پاراستنی ژینگە و دوور خستنەوەی لە پیسبوون و قەتیسمانی گەرمایی و، بەشداری کردنی هەرێم لەو کۆنگرە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییانەدا.

مادەی(134): رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی بە بیابان بوون و گەردەلوولی خۆڵاوی بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا و لەرێی رێو شوێن و شێوازی زانستیانەوە.

مادەی(135): دۆزینەوەی دەڤەری پاراستن بۆ رووەك و ئاژەڵان و دانانی یاسای تایبەت بۆ ئەم بابەتە.

مادەی(136): بایەخدان بە دارستانە خۆرسکەکان و لەوەڕگا و باخچەکان و پاراستنیان لە سووتان و پڕینەوەو کارکردن بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی سەیوانی گیایی و راکێشانی پشتێنەی سەوز بە دەوری شار و شارۆچکەکاندا.

مادەی(137): خێراکردن لە پرۆسەی هەڵگرتنەوەی مین و پشتگیری کردنی هەوڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا و هەرچی زیاتر فراوانکردنی کارەکانیان. هەروەها حکومەتی فیدراڵ پابەند بکرێ بەوەوە کە بەشداری بکات لەم پرۆسەیەدا.

مادەی (138): بڵاوکردنەوەی کولتووری پارێزگاری کردنی ژینگە لە رێی دەستگاکانی راگەیاندن و دانانی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا و پشتگیری کردنی ئەو رێکخراوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن.

مادەی (139): بەکارهێنانی شێوازی زانستی و تەکنیکییە هاوچەرخەکان لە بواری چارەسەرکردنی پاشماوە و پاشەڕۆکاندا بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لە پرۆژە پیشەسازی و کشتوکاڵییەکاندا بەکاربهێنرێنەوە.

## بەشی چواردە: لە بواری بایەخدان بەسەرچاوەی سامانە سروشتیەکان

### یەکەم : نەوت و گاز و کانزاکان

سامانە سروشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا موڵکی گەلی کوردستانن، پارتیشمان کاردەکات بۆ بەکارهێنان و پارێزگاری کردنیان بۆ خزمەتی رۆڵەکانی ئێستا و ئاینده ، ئەمەش لەرێی:

مادەی(140): سوور بوون لە سەر مافی هەرێم لە بەڕێوەبردنی کاروباری نەوت و گاز بە پێی ئەو میکانیزمە یاساییانەی پەیوەندیدارن بە گرێدانی گرێبەست و پێکهێنانی پەیکەری کارگێری و سەرمایەگوزاری تایبەتمەند بەم بوارەوە، ئەمەش لە پێناوی هەرچی زیاتر قازانجی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی کوردستان.

مادەی(141): پەرەپێدانی بیرەکانی نەوت و گاز و کارکردن بۆ دۆزینەوەی بیری نوێ و دەرهێنانی سامانەکەی.

مادەی (142): دامەزراندن و پەرەپێدانی پیشەسازی بەرهەمەکانی نەوت بۆ ئەوەی پێویستی هەرێم دابین بکات و زیادەکەیشی رەوانەی دەرەوە بکرێ.

مادەی (143): هاندانی کردنەوەی پرۆژەی پیترۆکیمیایی لە هەرێمی کوردستاندا.

مادەی(144): راهێنانی کادیری هونەریی خۆماڵی بۆ کارکردن لە بواری نەوتدا، ئەوەش لە رێی ئەمانەی خوارەوە:

أ- کردنەوە و پەرەپێدانی کۆلێژ و پەیمانگای پسپۆر لە بواری نەوت و گازدا.

ب- دابین کردنی دەرفەتی خوێندن (زەماله و ناردنە دەرەوە) بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی لە بواری نەوت و گازدا بخوێنن.

ت- پابەند کردنی ئەو لایەنانەی گرێبەستیان لەگەڵدا دەکرێ کە لە بواری نەوت و گازدا سەرمایەگوزاریی بکەن، دەبێت لەرێی دابین کردنی زەماله و کردنەوەی خولی راهێنان لە دەرەوەی وڵات مەشق بە کادیری خۆماڵی بکەن و بۆ ئەم بوارە رایان بهێنن.

مادەی(145): کردنەوەی بنکەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە بواری نەوت و گازدا.

مادەی(146): راکێشانی تۆڕی بۆری ناوخۆیی بۆ گواستنەوەی گاز بۆ هەموو شارو شارۆچکە و دەڤەرەکان.

### دووەم : کانزاکان

مادەی (147): کێوماڵێکی جیولۆجی و تۆپۆگرافی سەرتاسەری هەرێم بکرێ بۆ دۆزینەوەی کانزا تا لە پێناوی بەرژەوەندی گەلی هەرێمدا بە کار بهێنرێ.

مادەی(148): پەرەپێدان و نوێکردنەوەی پیشەسازی کانزا و هاندانی کردنەوەی پرۆژەی نوێ لەم بوارەدا.

مادەی (149): رێکخستنی کاری هەڵکەندن و کانەکان بە پێی یاسا و رێسای تایبەت و پابەند بوون بە جێبەجێ کردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی ژینگە و شوێنەوارەوە.

### سێیەم : سەرچاوەکانی ئاو

ئاو سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ ژیان. لەبەرئەوەی زۆربەی ئاوی عێراقیش لە کوردستانەوە هەڵدەقوڵێ کەواتە ئاو سەرچاوەیەکی نەتەوەییە نابێت بە فیڕۆ بدرێ. هەروەها لەبەرئەوەی لە سەردەمی ئێستاماندا بایەخی ئاو شان لە شانی بایەخی نەوت دەدات بۆیە مافی خەڵکی کوردستانە کە لە پێشەوەی سوودمەندان بن لێی تا ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن و هەڕەشە و مەترسی دوور بخەنەوە. ئەمەش لەرێی:

مادەی(150): رێزگرتن لە هەموو رێککەوتنامە و نەریتە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی بەکارهێنانی ئاوی

هاوبەش و جێبەجێ کردنیان بە جۆرێك مافی هەموو وڵاتە هاوبەشەکان مسۆگەر بکەن.

مادەی (151): بە کار هێنانی بەرهەمەکانی ئاو لە ڕووبار و کانی و باران بە باشترین شێوە، ئەوەش بە دروست کردنی بەنداوی بچووك و گەورە کە زیاد کردنی ڕێژەی ئاوی (سطحی و جوفی ) مسۆگەر بکەن و بەکاربهێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار.

مادەی( 152): مسۆگەرکردنی مافی هەموو هاوڵاتیان لە دەستکەوتنی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە، ئەمەش لە ڕێی ڕاکێشان و نوێکردنەوەی تۆڕەکانی ئاو و بڵاوکردنەوەی کولتووری کەم بە کارهێنانی ئاو.

## بەشی پازدە: لە بواری پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانیدا

### *یەکەم: کەرتی کشتوکاڵ*

پارتیمان بەو چاوە دەڕوانێتە کشتوکاڵ کە گرنگترین کەرتەکانی بەرهەمهێنانە، جا بۆ ئەوەی ئاسایشی خۆراکی هەرێم بپارێزرێ، پارتیمان بایەخێکی یەکجار گەورە بە پەرەپێدان ونوێکردنەوە و بە ئامێرکردن و ئامادەکردنی هەموو پێویستیەکان و چارەسەرکردنی گشت ئەو کێشە و ئاریشانە دەدات کە ڕووبەرووی دەبنەوە. ئەمەش لە ڕێی دانانی پلانێکی ئابوورییەوە کە ئەمانەی خوارەوە مسۆگەر بکات:

مادەی(153): چاوخشاندنەوە بە هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی پەیوەندیدارن بە کێشەکانی موڵکایەتی و بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵییەوە.

مادەی(154): پەیرەوکردنی سیاسەتێکی ئەوتۆی نرخ لە بواری کشتوکاڵدا کە هانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بدات و لە کێبڕکێی بیانی بیپارێزێ.

مادەی(155): هاندانی کادیری کشتوکاڵ و پشتگیرکردنیان لە پێناوی بەشداری کردنیان لە بواری گەشەپێدانی کشتوکاڵدا.

مادەی(156): بەکارهێنانی سامانی ئاو بە باشترین شێوە و بایەخدان بە دروستکردنی بەنداو و کەناڵەکانی ئاودێری کە زیادکردنی ناوچە ئاودراوەکان وبەرهەم و بەرهەمهێنان مسۆگەر بکەن، هەروەها بایەخ بدرێ بە چاککردنی گۆماوەکان و ڕێگەگرتن لە ڕاماڵینی خاك و خۆڵ.

مادەی (157): دابین کردنی خزمەتگوزارییە تەواوکارییەکان لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا.

مادەی(158): بایەخدان بە سامانی ڕووەك و ئاژەڵ و گەشەپێدان و زیاد کردنی لەڕێی کارکردن بۆ گۆڕینی تەرزی نەریتانەی کشتوکاڵ و بەکار هێنانی سستمی بەخێوکردنی ئاژەڵ و چاندنی ڕووەك بە شێوازی هاوچەرخ و پەرەسەندوو سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سەرکەوتووی ئەم بوارە لە جیهاندا.

مادەی (159): دانانی پلانی پەرەسەندووی دیاریکراو لە ڕووی کاتەوە بۆ ڕێنوومایی کردنی جووتیاران لە پێناوی ئەوەدا کە بایەخ بە بەرهەمهێنانی جۆری دیاریکراوی کشتوکاڵ و ئاژەڵ بدەن کە بازاڕ پێویستی پێیانە و گەشەی پیشەسازیی کشتوکاڵ مسۆگەر دەکەن.

مادەی (160): پەرەپێدان بە خوێندنی کشتوکاڵ لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا بۆ ئەوەی دەرفەت دروست بێ بۆ سوود وەرگرتن لە تواناکانی دەرچووان و بەکارهێنانیان لە بوارەکانی گەشەپێدانی کشتوکاڵدا و، ئاسانکاری بکرێ بۆ وەرگرتنی منداڵانی جوتیاران لە کۆلێژ و پەیمانگا و ئامادەییەکانی کشتوکاڵدا.

مادەی (161): بەئامێرکردنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و ڕاهێنانی کادیری هونەریی پێویست بۆ بەڕێوەبردن و چاککردنەوەیان و ڕێنوومایی کردنی جوتیاران لەچۆنێتی بەکارهێنانیاندا.

مادەی (162): دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ پێدانی قەرز وپێشکەش کردنی ئاسانکاریی پێویست بە جوتیاران.

مادەی (163): چێکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵی و خێراکردن لەپرۆسەی هەڵگرتنەوەی مین لەرێی فراوانکردنی رووبەری کشتوکاڵی لەهەرێمی کوردستاندا.

مادەی (164): بایەخدان بەلایەنی راگەیاندن لەرێنوومایی کردنی جوتیاران و بڵاوکردنەوی کولتووری کشتوکاڵدا.

مادەی (165): بەشداری کردن لە پێشانگا نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکاندا بۆ ئەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی کوردستانی بدۆزرێتەوە.

مادەی (166): دروست کردنی بنکەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی نەخۆشی و ئافاتەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵان.

مادەی (167): پشتگیرکردن و هاندانی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی پەین و ئالیك و ئامێرەکانی کشتوکاڵ.

### ***دووەم: کەرتی پیشەسازی***

پارتیمان بایەخێکی تایبەت بەپیشەسازی دەدات وکار دەکات لەپێناوی:

مادەی (168): پشتگیرکردنی کەرتی پیشەسازی تایبەت و هاندانی سەرمایەگوزاریی پیشەسازی لەرێی دابین کردنی کەشی سەرمایەگوزاری گونجاو و پشت ئەستوور بەیاسا و رێسای چالاککەرو پەرەپێدەری پیشەسازی ئێستاو داهاتوو کە پێویستی بازاڕ دابین بکەن.

مادەی (169): پشتگیرکردن وهاندانی پرۆژە (بچووك و گەورەکان)ی پیشەسازی کە پشت بەو کەرەستە سەرەتاییانە دەبەستن لەلای خۆمان دەست دەکەون.

مادەی (170): پشتگیرکردن وهاندانی پیشەسازی دەستکردو پیشەوەریی کە سیماو خەسڵەتی نەتەوەیی و خۆماڵییان هەیە.

مادەی (171): بایەخدان بە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کارەباو، چاککردنەوەیان و بەستنەوەی تۆرەکانی و نوێکردنەوەیان، بەجۆرێك کە پێویستی هەرێم دابین بکەن و هاوکات کاربکرێ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی وزە.

مادەی (172): کارکردن بۆ پەیرەوکردن و جێبەجێ کردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ سەلامەتی پیشەسازی لەهەرێمدا.

### ***سێیەم: کەرتی بازرگانی***

بازرگانی سەرچاوەیەکی ئابووری گرنگە، لەبوژاندنەوەی ئابووریدا بەشێوەیەکی کارا بەشداری دەکات، بۆیە پێوستە بایەخ بەم کەرتە بدرێ تا زیاتر ببوژێنرێتەوەو بزاوتی چالاك تر بکرێ. ئەمەش لەرێی:

مادەی (173): دامەزراندنی دەڤەری بازرگانی ئازاد لە هەرێمی کوردستاندا.

مادەی (174): کاراکردن و پەرەپێدانی فەرمانگەی چاودێری بازرگانی و هاریکاریی نێوان ئەو و دەستگاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەپێناو ئاشکراکردنی بەدکاریی و سزادانی بەدکاران بەشێویەکی یاسایی و بڵاوکردنەوەی کولتووری چاودێری بازرگانی.

مادەی (175): کاراکردنی دەستگای پێوانەکردن و کۆنترۆڵی جۆرێتی و پەیرەوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان لەم بوارەدا بەگوێرەی خۆراك و داوودەرمان و کەرەستەکانی نوژداری و ئامێرە کارەبایی و ئەلکترۆنییەکان و هەموو

شتومەکێك کە لەناوخۆ یان دەرەوەی هەرێم بەرهەمدەهێنرێن.

مادەی (176): چاوخشاندنەوە بەهەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی پەیوەندیدارن بە بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە، لەوانە: یاساکانی بازرگانی، کۆمپانیاکان، یەکێتی گشتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی، هاوردەکردن و هەناردە و هی دیکە.

مادەی (177): پەیرەوکردنی سیاسەتگەلێکی بازرگانی گونجاو و پاراستنی بەرهەمە نیشتمانییەکان لە کێبرکێ بپارێزێ و جۆرێك لە هاوسەنگی لەتەرازووی بازرگانی و تەرازووی پێدراوەکان کە کاریگەریی نەگەتیڤیان هەیە بێنێتەدی بەتایبەتیش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.

**بەشی شازدە: لەبواری پەرەپێدانی بیناکردن و نیشتەجێ کردندا**

بە سەرچاوەگرتن لە پرنسیپی (دابین کردنی خانووی گونجاو مافی هەموو هاوڵاتییەکە)، پارتیمان کاردەکات بۆ:

مادەی (178): سەر لەنوێ بیناکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکان بەشێوەیەکی هاوچەرخانە کە بەپێی دیزاینی هاوچەرخانەو پلانی دیراسەکراو هەموو خزمەتگوزارییەکیان پێ بگەیەنرێ.

مادەی (179): چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێ بوون لەرێی هاندانی سەرمایەگوزاری، پشتگیری کردنی سندووقی نیشتەجێ کردن و بانکی عەقارو بە باشترناساندنی نیشتەجی بوونی شاقوڵی لەشارو شارۆچکەکاندا کە بەپێی مەرج و خەسڵەتی ئەندازەیی دروست کرابن و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین کرابێ.

مادەی(180): چاوخشاندنەوە بەیاساکانی بەکرێدان بەجۆرێك کە هاوسەنگی لەنێوانی خاوەن ماڵ و کرێچیدا بەدی بهێنێت.

مادەی(181): لەدروستکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێ بووندا، مەرج و پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی بومەلەرزەو کارەساتە سروشتیەکانی دیکە لەبەرچاو بگیرێ.

مادەی(182): دابین کردنی خانوبەرەی گونجاو بۆ ئەوانەی داهاتیان دیاریکراوەو بۆ ئەو گەنجانەی تازە ماڵ پێکەوە دەنێن.

مادەی(183): هاندانی کردنەوەی پرۆژەکانی کۆمەڵەی هاریکاریی نیشتەجێ بوون و پشتگیری کردنی هەوڵەکانی نقابەو ڕێکخراوە پیشەییەکانی ئەم بوارە.

مادەی(184): دانانی سنوور بۆ ئەو فراوان بوونە بێ سەروبەرەی لە شارەکاندا ڕوودەدات و پابەندبوون بە ماستەرپلانی شارو شارۆچکەکانەوە.

مادەی(185): پەیرەوکردنی سیاسەتێك لەبیناکردندا کە گونجانی کەرەستەکانی بیناکردن لەگەڵ کەشی جوگرافی ناوچەکاندا لەبەچاو بگرێ.

مادەی(186): لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لەکاتی نەخشەدانانی پرۆژەکانی نیشتەجێ بووندا.

**بەشی حەڤدە: لەبواری پەرەپێدانی شارەوانی و خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا**

پارتیمان بایەخێکی تایبەت بە شارەوانیەکان دەدات چونکە ڕۆڵیان لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا سەرەکیە. بۆیە پارتیمان کاردەکات بۆ:

مادەی(187): چاوخشاندنەوەیەکی هاوچەرخانە بە سستم و چەمکی شارەوانیەکاندا کە دیاریکردنی دەسەڵاتە پێویستیەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا بۆ هاوڵاتیان مسۆگەر بکات.

مادەی(188): چاوخشاندنەوە بە ماستەرپلانی شارو شارۆچکەکان بەپێی پێوەرە زانستیە هاوچەرخەکان و بەجۆرێك کە لەگەڵ واقیعی مێژوویی شارەکاندا بگونجێن.

مادەی(189): کارکردن بۆ پەرەپێدانی چەندایەتی و چۆنایەتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەپێناوی پاراستنی پاکژی و جوانی نیشتەنیەکان و ژینگەی کوردستان و فراوانکردنی دەڤەرە سەوزەکان.

مادەی(190): کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری بەشاریی بوون و پاراستنی کەلەپووری خۆجێیی و تەرزی بیناسازی لەناوچە دێرینەکاندا.

## بەشی هەژدە: لەبواری پەرەپێدانی گەشتوگوزاردا

گەشتوگوزار یەکێکە لە کەرتە ئابوورییە پربایەخەکان. جا لەبەر ئەوەی کوردستان ناوچەیەکە بنەماکانی گەشتیاری لە سروشت و شوێنەوارو ئاسەواری ئایینی تێدایە، بۆیە پارتیمان بۆ پەرەپێدانی ئەم بوارە کاردەکات بۆ:

مادەی (191): پشتگیری کردن وهاندانی سەرمایەگوزاران کە لەکەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستاندا سەرمایە بخەنە کارەوە.

مادەی (192): ئامادەکردنی کادیری هونەریی و پیشەیی پسپۆر لەبواری گەشتیاریدا.

مادەی (193): جێبەجێ کردنی کێوماڵی کردەنی بۆ دیاریکردن و پۆلین کردنی ناوچە گەشتیارییەکان لە هەرێمدا و سازکردنیان وەك سەرەتا بۆ بەکارهێنانیان.

مادەی (194): بڵاوکردنەوەی کولتووری گەشتیاری لەناو هاوڵاتییاندا.

## بەشی نۆزدە: لەبواری پەرەپێدانی راگەیاندن و وەشاندندا

پارتیمان پروای بەئازادی راگەیاندن و وەشاندنە لەرێی هەموو کەناڵەکانی بینراو و بیستراو نووسراو و ئەلکترۆنیەوە. هەروەها بایەخی رۆڵی کاریگەریی ئەم بوارە لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو ئاشکراکردنی راستیەکان و دیاریکردنی پنتە لاوازەکان لەکارایی دامەزراوەکانی حکومەت و غەیری حکومەت و پێشنیازکردنی چارەسەرو چەسپاندنی بەهاکانی دیموکراسی و نیشتمانپەروەریی و نەتەوەیی و، پەیوەندی راگەیاندنکاران لەگەڵ دەرەوەدا لەپێناوی روون کردنەوەی دۆزە رەواکانمان دووپات دەکاتەوە. بۆیە پارتیمان کاردەکات بۆ:

مادەی (195): کاراکردنی رۆڵی دەستگا جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن و، پەیرەوکردنی بابەتێتی و زوڵاڵی و راستگۆیی و رەخنەی بیناکەرانەو دووركەوتنەوە لە ناوزراندن و بریندارکردن.

مادەی (196): راگەیاندن ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەر نیە و ئازادی راگەیاندن دەستوور دەیسەلمێنێ و دەیپارێزێ و بەیاسا رێکخراوە.

مادەی (197): رێکخستنی کەرتی راگەیاندنی بینراو وبیستراو ونوسراوو ئەلکترۆنی بەشێوەیەك کە لەگەڵ پرنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی رادەربریندا گونجاوبێ.

مادەی (198): پشتگیری کردن و بەهێزکردنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە ئاژانسێکی پشت پێبەستراو لەسەر ئاستی جیهان.

مادەی (199): ئامادەکردنی کادیری راگەیاندنکاری پیشەیی پرۆفیشنال لە راگەیاندنی حزبدا.

مادەی (200): کاراکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە پەروەردەکردنی منداڵان و لاواندا.

**بەشی بیستەم: لەبواری پەرەپێدانی کولتوور و کەلەپووردا**

پارتیمان بایەخێکی مەزن بە کولتوور و کەلەپووری کوردی دەدات و کاردەکات لەپێناوی:

مادەی (201): سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەو پەرەپێدان و پشتگیری کردنی خانەکانی وەشاندن و چاپخانەکانی حزب.

مادەی (202): پەلەکردن لە دروستکردنی کتێبخانەی نیشتمانی و بنکەی پاراستنی بەڵگەنامەو دەستنووسە کوردییەکان و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی دەستنووسە دێرین و بەبەهاکان و ئەو بەڵگەنامە مێژووییانەی گوازراونەتەوە یان دزراون.

مادەی (203): بایەخێکی یەکجار زۆر بدرێ بە بوژانەوەی کەلەپووری کوردی، ئەمەش لەڕێی دروست کردنی مۆزەخانەی نیشتمانیی کوردستانیەوە، هەروەها بەکاراکردنی پرۆسەی کێوماڵ و گەڕان بەدوای شوێنەوارو زۆرکردنی ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ وەرگرتنەوەی شوێنەوارە گوزراوەو دزراوەکان و گەڕاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ ئەو شوێنەوارو هونەرو بەرهەمە ئەدەبییانەی ناسنامەی کوردییان لێ سەنراوەتەوە.

مادەی (204): کردنەوەی مۆزەخانەیەك بەناوی (مۆزەخانەی بارزانی نەمر)، ئاسەوار و کەلەپوورو بەڵگەنامە و هەرشتێ کە پەیوەندی بە ژیانی خۆی و تێکۆشانی هەڤاڵەکانی و کەلەپووری پارتی و شۆڕش و ڕابوونەکانی گەلی کوردەوە هەبێ لەو مۆزەخانەیەدا دابنرێن.

مادەی (205): دانانی مۆنیمێنت و کردنەوەی مۆزەخانە بۆ قوربانیانی جینۆسایدو دروستکردنی سەنتەرو بنکە بۆ بەبەڵگە کردنی ئەو تاوانانە.

مادەی (206): لەڕێی پشتگیری کردنی ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانی شانۆکارو سینەماکارو شێوەکارو وێنەکێش و موزیککارو پەیکەرتاشانەوە ناسنامەی هونەری کوردستانی بەرچاو بخرێ.

مادەی (207): پشتگیری کردنی هەموو هەوڵێکی ناوخۆیی و دەرەکی کە دەیەوێت بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری بەرهەمبهێنێت گوزارشت لە مێژوو، کەلەپوور و نەبەردی و سەروەرییەکانی گەلەکەمان بکات.

مادەی (208): دەرکردنی یاسایەك بۆ پاراستنی مۆڵکایەتی فیکری.

**بەشی بیست ویەکەم: لەبواری پەرەپێدانی کاروباری ئاییندا**

لە ئاراستە کردن و ڕێکخستنی پەیوەندییە مرۆییەکاندا ئایین بە یەکێك لە پێویستیە سەرەکییەکانی ژیان ئەژمار دەکرێ، بۆیە لەسەر بناغەی پرۆابوون بە لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و دووپات کردنەوەی ئازادی پەیرەوکردنی بەهاو هەستی ئایینی و مەزهەبی، پارتیمان بایەخێکی سەرەکی بە ئایینەکان دەدات. لەم چوارچێوەیەشدا پارتیمان کاردەکات بۆ:

مادەی (209): بایەخدان بەئایینی ئیسلامی پیرۆزو کەلەپوورەکەی کە کولتووری کوردی دەوڵەمەند کردووەو کولتووری کوردیش ئەوی دەوڵەمەند کردووە. هەروها تیشك بخرێتە سەر ڕۆڵی بەرچاوو کارامەی کورد لە بیناکردنی شارستانیەتی ئیسلامدا.

مادەی (210): ڕێزگرتن لە زانایان و پیاوانی ئایینی و پێگەی کۆمەڵایەتییان و چاککردنی باری گوزەرانیان و دابین کردنی هەر شتێ کە پێویستە بۆ جێبەجێ کردنی چالاکی ئایینی و نیشتمانییان کە خزمەتی گەلەکەمان و پرۆسەی پێشکەوتنی دەکات.

مادەی (211): پشتگیری و هاریکاری کردنی یەکێتی زانایانی ئیسلامی لە کوردستاندا بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەرکە ئایینی و نیشتمانییەکانی جێبەجێ بکات.

مادەی (212): پشتگیری و هاریکاری کردنی دەستەو ئەنجوومەنی ئایینەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا.

مادەی (213): هەوڵدان بۆ سەرپەرشتی کردن و رێکخستن و پەرەپێدانی کۆلێژو پەیمانگاو قوتابخانە ئایینییەکان بەشێوەیەك کە لەگەڵ روحی سەردەمدا بگونجێن و ئەو مزگەوت و شوێنە ئایینیانەی وێرانکراون، سەر لەنوێ بینا بکرێنەوە.

مادەی (214): رێزگرتن لە هەست و نەریت و سروتی گشت ئایین و ئایینزاو مەزهەبەکان و کارکردن بۆ پتەوکردنی گیانی لێبوردەیی ئایینی و بڵاوکردنەوەی کولتووری برایی و خۆشەویستی و هاریکاری و ریسواکردنی توندوتیژی و توندرۆیی و دەمارگیریی ئایینی.

مادەی (215): پشتگیری کردن و هاندانی ئەو دامەزراو و کۆبەندانەی داوای چاکسازی هاوچەرخانە دەکەن لە ئایینداو داواکەشیان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا ناکۆك نیەو خزمەت بە دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکات.

مادەی (216): چاك کردنی سستمی ئەوقاف تا لەگەڵ گیانی سەردەم و خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی لە هەرێمدا دەگونجێنرێ.

**بەشی بیست ودووەم: لەبواری کاروباری ئافرەتان و لاوان و قوتابیاندا**

***یەکەم: ئافرەتان***

پارتیمان پروای بەو راستیە هەیە کە رۆڵ و کاریگەریی ئافرەتی کوردستان لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیماندا، هەر لە کۆنەوە تا هەنووکە، هیچی کەمتر نەبووە لە رۆڵی پیاوان، بۆیە پارتیمان کاردەکات بۆ:

مادەی (217): رەخساندنی کەشی لەبار بۆ ئافرەتان کە لە ژیانی سیاسی و سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵگادا بەشداربن.

مادەی (218): جێبەجێ کردنی سستمی کۆتا بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا، ئافرەتان پلەوپایەی سەرکردایەتی لەحزب و حکومەتدا وەرگرن.

مادەی (219): رەتکردنەوەی هەموو شێوەکانی جیاکاریی جەندەریی و گشت جۆرەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و پشت ئەستوورکردنی ئەم رەتکردنەوەیە بەیاساو رێسای پێویست.

مادەی (220): دژایەتی کردنی ئەو دابونەریتە کۆنانەی لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا بوونەتە کۆسپ لەبەردەم مافەکانی ئافرەتاندا.

مادەی (221): هوشیارکردنەوەی ئافرەتات بە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوورییەکانیان کە لە دەستوور و یاسا نیشتمانیەکان و بەڵگەنامە و رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا هەن و لەگەڵ واقیعی کوردستاندا دەگونجێن.

مادەی (222): بڵاوکردنەوەی کولتووری مافەکانی ئافرەتان و مسۆگەرکردنی سەلامەتی کۆمەڵایەتییان لەشوێنی کارکردندا.

مادەی (223): پشتگیری کردنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وهاندانی چالاکییەکانی کە پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگادا پتەو دەکەن.

***دووەم: لاوان***

پارتیمان پروای بەوەیە کە لاوان کۆڵەگەو بزوێنەری سەرەکی کۆمەڵگان و بە بازووی ئەوان ئایندەی

کوردستان بونیات دەنرێ. جا لەبەر بایەخی گەورەی ئەم توێژە کۆمەڵایەتیە و لەبەر پێویستی گرێدانی نەوەکان پێکەوە، زۆر پێویستە کە پارتیمان کاربکات بۆ:

مادەی (224): گەشەپێدانی گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی لەلای لاوان و بڵاوکردنەوەی کولتووری دیموکراسی و گیانی لێبووردەیی و ریسواکردنی توندوتیژی و دەمارگیری لەناویاندا.

مادەی (225): دانانی پرۆگرام و پلانی پەرەسەندوو بۆ گەشەپێدانی تواناکانی لاوان.

مادەی (226): رەخساندنی دەرفەت بۆ لاوانی بەتوانا کە پلەوپایەی سەرکردایەتی کردن لەناو دامەزراوە حکومی و حزبیەکاندا وەرگرن.

مادەی(227): بەدواداچوونی بەردەوام بۆ کێشەکانی لاوان (بێکاری، خانووبەرە، شوێنەکانی کات بەسەربردن، ئاستی گوزەران، کۆچی هەرەمەکی... هتد)، ئەمەش لەرێی راپرسی و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستیەوەو کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان.

مادەی (228): بەدواداچوون و بایەخدان بە بارودۆخی لاوان لەهەندەران و پشتگیری کردن و پاراستنی ماف و داخوازییەکانیان و پەیوەندی گرتن لەگەڵیاندا بێ پچڕان.

مادەی(229): هوشیارکردنەوەی لاوان لە مەترسییەکانی مادە هۆشبەرەکان و چارەسەرکردنی ئەوانەیان کە پێی ئالوودە بوون و لەرێی چاوخشاندنەوە بەو یاسانەدا کە ئەم بوارە رێکدەخەن بپارێزرێن و کاروکردەی یاسایی توند بەرامبەر بازرگانان و ئەوانە بکرێ کە بڵاوی دەکەنەوە.

مادەی(230): دانانی پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ دژایەتی کردنی تیرۆرو بنبرکردنی سەرچاوەکانی بۆ ئەوەی بتوانین لاوان لەو بەڵایە بپارێزین و بۆ دژایەتی کردنی بیرۆرای تیرۆریستانە ڕایان بهێنین.

مادەی(231): کردنەوەی هەرچی زیاتری بنکەکانی رۆشنبیری و کات بەسەربردن و وەرزش و هونەر بۆ گەشەپێدانی توانای فیکری و جەستەیی و داهێنانی لاوان.

مادەی(232): پشتگیری کردن و هاندانی هەڵبژاردە وەرزشیە نیشتمانیە کوردستانیەکان لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاڵاو ناوی کوردستان لەمیهرەجانە وەرزشیە جیهانیەکاندا.

مادەی(233): چەسپاندنی کولتووری کارکردن وەکوو بەهایەکی باڵای کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگاداو پیرۆزی و بایەخی ئەم بەهایە لە بیناکردنی کەسایەتی لاواندا دووپات بکرێتەوە.

مادەی(234): پشتگیری کردنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و هاندانی چالاکییەکانی کە پێگەی لاوان لەناو کۆمەڵگادا پتەو دەکەن.

***سێیەم: قوتابیان***

قوتابیان توێژێکی گرنگ و هەستیارن لەکۆمەڵگاداو رۆڵێکی کارایان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا هەیە. لەبەر ئەوەی ئەوان سامانێکی نەتەوەیین، بۆیە پێویستە لەرووی گەشەپێدان و پەروەردەکردنی زانستی و ئاکاری و جەستەییەوە بایەخێکی گەورەیان پێ بدرێ. لەم روانگەیەوە پارتیمان کاردەکات بۆ:

مادەی (235): دانانی بەرنامەی زانستی پەرەسەندوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان.

مادەی (236): رەخساندنی هەموو ئاسانکارییەك بۆ قوتابییە زیرەکەکان بۆ ئەوەی توانای داهێنانیان بخەنە کار.

مادەی (237): پشتگیری کردن و سەرپەرشتی کردنی قوتابیان لەرۆڵەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی جینۆساید.

مادەی (238): باش کردنی گوزەران و باری خوێندنی قوتابیان و دابین کردنی بەشی ناوخۆیی و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوان.

مادەی (239): دانانی سستمی نوێ بۆ وەرگرتنی قوتابیان لەزانکۆو پەیمانگاکان لەسەر بناغەی ئەوەی کە حەزی قوتابیان و تواناى زانستیان و پێویستی بازاری لەبەرچاو گرتبێ.

مادەی (240): پشتگیری کردن و پەرەپێدانی ئەزموونی هەڵبژاردنی قوتابیان وەکوو کردارێکی دیموکراسی لەپێناوی چەسپاندنی بەهای بەشداری قوتابیان لەپرۆسەی خوێندن و بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی.

مادەی (241): پشتگیری کردنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و هاندانی چالاکییەکانی کە پێگەی قوتابیان لەکۆمەڵگادا بەهێز دەکەن.

**بەشی بیست وسێیەم: لەبواری کاروباری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی**

رێکخراوە جەماوەری وپیشەییەکان (یەکێتی و نەقابەو کۆمەڵەو رێکخراوو بنکەو سەنتەرو یانەکان) رۆڵی مێژوویيان لە خەباتی گەلەکەمان و بزاڤە رزگاریخوازەکەی و لەداکۆکی کردن لەماف و بەرژەوەندی ئەندامەکانیان و پتەوکردنی کاروکردەوە دیموکراسییەکاندا هەبووەو هەیە. لەپرواوبوونی پارتیمانەوە بەم رۆڵە گرنگەی ئەم رێکخراوانەو رێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی، کاردەکات بۆ کاراکردنی ئەو رۆڵە لەرێی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

مادەی (242): پەیرەوکردنی پرنسیپی دیموکراسی لەبەرێوەبردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکانیان.

مادەی (243): پشتگیری کردنی ئەو هەوڵانەی بۆ یەکگرتنی یەکێتی و کۆمەڵە پیشەییەکان لەسەر بناغەی یەك رێکخراو بۆیەك کەرتی پیشەیی دەدرێن.

مادەی (244): پتەوکردنی پەیوەندی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هاوکوفەکانیان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات.

مادەی (245): هەماهەنگی لەنێوان رێکخراوە لێکچووەکانداو یەکخستنی هەوڵەکانیان بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان.

مادەی (246): پشتگیری کردنی بەشداربوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەکۆنگرە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکاندا.

مادەی (247): بەهێزکردنی هەوڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە پیشەییەکانیان و قوڵکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا.

مادەی (248): بەهێزکردنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەکوو ئەڵقەی گەیەنەر لەنێوان حکومەت و هاوڵاتیانداو رەخساندنی زەوینەی لەبار بۆ کاراکردنی رۆڵیان وەکوو چاودێر بەسەر حکومەتەوە.

دەروازەی چوارەم: قوربانیانی تاوانەکانی جینۆسایدو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی (شاڵاوەکانی ئەنفال و راگواستن و کاولکردنی گوندەکان و بۆردومان بە چەکی کیمیایی)

گەر بەخێرایی چاوێك بە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا بخشێنین قەبارەی ئەو وێرانکاری و داڕمان و کاولکارییە دەبینین کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا روویان داوە، لەپێشەوەی هەمووشیان بواری مافەکانی مرۆڤی کورد کەئازار و نەهامەتی زۆری چەشتووەو ئەو زوڵمەی لێیکراوە تەنیا لەو ئاستەدا نەماوەتەوە بەڵکو قوڵ بۆتەوە بۆ بوون و قەوارەو کۆڵەگەکانی ئەم گەلەو دواجار هەموو ئەو زوڵمە لەشاڵاوەکانی بۆردومانی کیمیاوی و کوشتارگەلەکانی ئەنفال و شاڵاوەکانی ئازاردان و راگوێزان و عەرەباندن و تواندنەوەی نەتەوەیی و جۆرەها تاوانی دیکە کە هەموویان دەچنە خانەی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەوە، هەر لە لەناوبردنی بەکۆمەڵی جەستەییەوە تا دەگات بە لەناوبردنی کولتووریی، بەئاراستەی جێبەجێ کردنی سیاسەتی لەناوبردنی یەکجاری گەلی کورد و دەرکێشانی رەگ وریشەی لەخاکی وڵاتەکەی. هەموو ئەمانە وایان لە پارتیمان کردووە کە ماندوونەناسانە کاربکات بۆ:

**بەشی یەکەم: مافەکانی قوربانیان و خانەوادەکانیان**

مادەی (249): رێکخستنی هەڵمەتێکی نیشتمانی و جیهانی بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی دەیان هەزار لە رۆڵەکانی گەلەکەمان لە بارزانییەکان و فەیلییەکان و قوربانیانی شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و زیندانیە سیاسییەکان و بێسەروشوێنان کە تاهەنووکە کەس نازانێ چارەنووسیان چییە، قەرەبووکرنەوەی ئەو قوربانیانەو خانەوادەکانیان بەرامبەر ئەو زیانە مادی و مانەوییانەی لێیان کەوتووە.

مادەی (250): بەرپرسیارێتی (جبر) (وەڵامدانەوە، قەرەبووکردنەوە، رازی کردن) بکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لەپای ئەو زیانانەی بەهۆی تاوانەکانی جینۆسایدو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتییەوە لەسەر دەستی حکومەتە زاڵمەکانی عێراق بەر رۆڵەکانی گەلەکەمان کەوتوون.

مادەی (251): گەڕانەوەی هەموو راگوێزراوان و دەرکراوان بۆ ناوچە رەسەنەکانی خۆیان و بەرپرسیارێتی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی پێیان کەوتووە بە سەرلەنوێ بیناکردنەوەی گوندو گەڕەك و خانووبەرەکانیان و بکەوێتە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵ.

مادەی (252): گەڕاندنەوەی کوردە فەیلییە راگوێزراوەکان و گەڕاندنەوەی سامانی گواستراوە و نەگواستراوە بۆیان و قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو زیانانەی پێیان کەوتووە.

مادەی (253): راگرتنی هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کوردێتی ئێزیدییەکان دەدرێن و، لابردنی ئاسەواری هەموو ئەو کارو کردەوە رەگەزپەرستانەی لەم رووەوە دەرهەقیان کراوەو قەرەبووکردنەوەیان لەپای ئەو زیانە مادی و مانەوییان پێیان کەوتووە.

مادەی (254): راگرتنی چەوسانەوەو زوڵم و راگواستن و زەوت کردنی موڵکی کوردی شەبەك بەو پێیەی کە ئەوانە کاروکردەوەی رەگەزپەرستانەن و ئامانجیان گۆڕینی واقیعی دیمۆگرافی ناوچەکانیانەو دەبێت دەوڵەتی عێراق پابەند بکرێ بە قەرەبووکردنەوەیان بەرامبەر ئەو زیانە مادی و مانەوییان لێیان کەوتووە.

مادەی (255): گەڕانەوەی ئەو رۆڵانەی گەلەکەمان کە لەپاش رێککەوتننامە نەگریسەکەی جەزائیر (1975) لەئێران بوونە پەناهەندەو، ئەوانەشیان کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە تورکیاو وڵاتانی دیکە بوونە پەناهەندە. قەرەبووکردنەوەی مادی و مانەوییان بەرامبەر ئەو زیانانەی بەدرێژایی ئەو ساڵانە لێیان کەوتووە.

مادەی (256): بەرزراگرتنی راپەڕین و داوا بکرێ زیان لێکەوتووەکان قەرەبوو بکرێنەوە.

**بەشی دووەم: سەبارەت بە یاسادانان**

مادەی (257): ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەربکات کۆمەڵکوژییەکان بەتاوان بناسێنێ و سزای توند بۆ

ئەو کەسانە دابنێ کە پێشێلکاری قورسی بڕگەکانی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدو سزادانی ئەنجامدەرانی دەکەن وەکوو جێبەجێ کردنێکی ئەو پابەندبوونەی لەمادەی (5)ی ڕێککەوتننامەکەدا هەیە و هەموو ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لەو ڕێککەوتننامەیەدا پابەند دەکات بەوەوە کە دەبێت یاسای پێویست بۆ سزادانی ئەو کەسانە دەربکات کە ئەو پێشێلکارییانە دەکەن.

مادەی (258): ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەربکات مافی قوربانیانی جینۆسایدو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی لە وەرگرتنی ئینسافی کاراو دادپەروەرانە مسۆگەر بکات.

ئەم یاسایە خزم و بەخێوکەرانی ئەو قوربانیانەش بگرێتەوە کە مافی ئەوەیان هەیە:

- مافەکانیان وەرگرنەوە
- قەرەبووی مادی مانەوی بکرێنەوە
- راهێنان (چاودێری پزیشکی بەچارەسەرکردنی دەروونی و نوژداری دەروونیشەوە)
- رازیبوون (رەدی ئیعتیباری قوربانیان و دانپێدانانی ئاشکرا بەو ئازارو زوڵمەی لێیان کراوە)

مادەی (259): ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەربکات بەرهەمهێنان و بەکارهێنان وعەمبارکردنی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی و هەموو جۆرەکانی چەکی قەدەغەکراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی حەرام بکات و بەتوندی سزای ئەوانە بدات کە ئەم یاسایە پێشیل دەکەن.

مادەی (260): ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەك دەربکات نکولی کردن لەو کاروکردەوە تاوانکارییانەی (کۆمەڵکوژیی، تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ) کە لەسەر دەستی دەسەڵاتی زوڵم و زۆر دەرهەق بە گشت گەلی عێراق و بەتایبەتیش دژی گەلی هەرێمی کوردستان کراون، بەتاوان لەقەڵەم بدات و وەکوو کردەوەیەك بۆ هاندانی رق وکینەی نەتەوەیی یان رەگەزپەرستانە یان ئاینیانەی دابنێ.

**بەشی سێیەم: سەبارەت بە مەسەلەگەلێکی دیکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی**

مادەی (261): عێراق بچێتە ریزی سستمی سەرەکی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە (سستمی رۆما) لەپێناوی روونەدانەوەی تاوانی نێودەوڵەتی دەرهەق بە گەلی عێراق و بەتایبەتیش دەرهەق گەلی هەرێمی کوردستان.

مادەی (262): پشتگیری کردنی ئەو هەوڵە نیشتمانی و نێودەوڵەتییانەی لەئاراداں بۆ کردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بۆردومانی کیمیایی و ئاسەوارەکانی بەسەر گوندو شارەکانی کوردستانەوە.

مادەی (263): دروست کردنی بنکەی نیشتمانی و نێودەوڵەتی تایبەت بە نووسینەوەی ئەو بەڵگانەی دەیسەلمێنن کە تاوانی نێودەوڵەتی دەرهەق رۆڵەکانی گەلی کوردستان کراون.

مادەی (264): دانانی رۆژی (16)ی ئادار (رۆژی هەڵەبجە) بەرۆژێکی جیهانی بۆ حەرامکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.

مادەی (265): راوەدوونانی یاسایی و دادوەریی هەموو بەرپرسان (حکومەتەکان، کۆمپانیا و کەسەکان) کە نەخشەیان بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە دژی گەلەکەمان کێشاوە، یان بەشدارییان تێدا کردووە، یان هانیان داوە یان جێبەجێیان کردوون.

مادەی (266): وا لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکرێ کە دان بەوە دابنێ کەتاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد ئەنجام دراوەو دڵنیایی بدات و تەئکید بکاتەوە کە جارێکی دیکەو لە ئایندەدا ئەو تاوانانە دەرهەق بە کورد ناکرێنەوە.

مادەی (267): چاوخشاندنەوە بەیاسای رەگەزنامەی عێراقیدا ژمارەی 26ی ساڵی 2006، چونکە چارەسەری ئەو زوڵمەی نەکردووە کە لە کوردی فەیلی کراوەو، پێویستە یەکسانی یاسایی تەواو بۆ ئەوان وەکوو ئەوەدوای هاوڵاتیان مسۆگەر بکات.

Concessioner: Ali Abdulla
Khabat
Editor-in-chief: Nazhad Aziz Surme
سەرنووسەر: نەژاد عزیز سورمێ
خاوەنی ئیمتیاز: عەلی عەبدوڵڵا
Kurdish Political Daily Newspaper - Organ of Kurdistan Democratic Party
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان